https://doi.org/10.54809/jkss.viSpecial.108

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0



# ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ڕۆژنامەگەریی ئێرانیی دا
# ڕۆژنامەی (کیهان) بە نموونە

**پ.ی. د.کارزان محەمەد ئەحمەد**

تەکنیکی میدیا- زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

karzan.ahmed@Spu.edu.iq

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە (ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ڕۆژنامەگەری ئێرانیدا- ڕۆژنامەی کیهان بە نموونە)، هەوڵدراوە تاوتوێی ئاستی بایەخ و چۆنییەتی ڕووماڵی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ڕۆژنامەی (کیهان)ی فارسیی دا بکات. هەڵبژاردنی ڕۆژنامەی کیهان کە لە ساڵی (١٩٤٢ز)ەوە بەبەردەوامیی لە شاری تاران دەردەچێت، ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی پڕتیراژ و بە ئەزموونی ئێرانە و، چەندین پەیامنێری ئامادەی ساتی جینۆسایدەکە بوون و، ڕووماڵی هەمەلایەنەیان کردووە و، هەواڵ و داتا و وێنەکانی ڕۆژنامەکە، بەشایەتحاڵێکی گرنگ بۆ تۆماری جینۆسایدی گەلی کورد دادەنرێت. دیارترییین ئاستەنگیش، دەستڕانەگەیشتن بوو بەسەرجەم ژمارەکانی ڕۆژنامەکە بەشێوەی کواڵێتیی، لەهەمانکاتدا کەمیی توێژینەوەی ناخشیکاریی لەسەر بابەتی جینۆساید لە ڕۆژنامەگەریی بێگانەدا لەبارەی گەلی کورد. توێژینەوەکە لە میتۆدنامە و دوو باسی تیۆریی و پراکتیکیی پێکهاتووە. پرسیاری سەرەکیی توێژینەوەکە دەربارەی ناوەرۆکی بابەتەکانی ڕۆژنامەی (کیهان)ی فارسییە، کە ئایا لە چەند ڕەهەندەوە بایەخیداوە بە کیمیابارانی هەڵەبجە ؟ بۆ ئەو مەبەستەش، ناخشیکاریی بۆ کۆی بابەتەکانی ڕۆژنامەکە کراوە. سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی جینۆسایدی هەڵەبجە لە دیدگای ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکانەوە، بەپێی پێوەرەکانی (پرۆتۆکۆلی ژنێڤ)ی ساڵی (١٩٢٥ز)، (کۆنڤاشیۆنی ڕێگەگرتن و سزادانی تاوانی جینۆساید- ١٩٤٨ز)، جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان-١٩٤٨ز و، چەندین ڕێککەوتنامەی تر، توێژینەوەکە سەلماندووەیەتی کە کیمیابارانی هەڵەبجە لە خانەی جینۆساید دایە، چونکە کۆمەڵکوژیی مەدەنیی تیاداکراوە. لە بەشی پراکتیکدا، کیهان نموونەپشکنینی توێژینەوەکەیە، تاوتوێی کۆی ژمارەکانی (١) یەك مانگی ڕۆژنامەی (کیهان) کراوە، واتا لە ماوەی (١-٣١ فەروەردینی ١٣٦٧هـ.ش، ٢٠ی ئازار-٢٠ی نیسانی ١٩٨٨ز)دا، ڕۆژنامەکە ڕووماڵێکی هەمەلایەنەی جینۆسایدی هەڵەبجەی لە ماوەی جەنگی عێراق-ئێران دا کردووە. بابەتەکانی پەیوەندییدار بە جینۆسایدی هەڵەبجە لەسەر بنەمای جۆر و ژانرەکانی ڕۆژنامەگەریی پۆلێنکراوە، کە بەگشتی (١٨٢) بابەتی جۆراوجۆری تێدایە. لە ڕووی ژانرەوە، هەواڵ بەرێژەی (٢٩,٦٧) لە بەپلەی یەکەمدایە، مانشێتی سەرەکی (٢١,٤٣٪) بە پلەی دووەم و نامە و بەیاننامەکان (١٢,٠٩٪) بەپلەی سێیەم و ڕاپۆرتەهەواڵ بەرێژەی (١١,٥٤) بەپلەی چوارەم دێت. هەروەها بابەتی دیدار و شرۆڤە و ستوون و وێنە و نەخشەشی لەخۆگرتووە. لە ئاستی بایەخدانی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەش بەجینۆسایدی هەڵەبجە، لاپەڕەی یەك لە ڕۆژنامەکە بەپلەی یەکەم دێت. لە ڕووی ڕەهەندیشیەوە هەروەك بەپێی خشتە پۆلێنکراوە، بایەخدانی مرۆیی، سیاسیی و سەربازیی بە پلەی یەکەم تا سێیەم دێن. دەربارەی سەرچاوەی هەواڵ و بابەتەکانی ڕۆژنامەی (کیهان)، ئاژانسە ئێرانییەکان بەرێژەی (٥٣,٥٧٪) بەپلەی یەکەم و ئاژانسە نێودەوڵەتیی و پەیامنێرە تایبەتییەکانیش بە پلەی دووەم و سێیەم دێن. هەر لە توێژینەوەکەدا، بە خشتە جۆری هەڵوێست و هاوکاریی لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتان بۆ کیمیابارانی هەڵەبجە، ڕوونکراونەتەوە. لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا، کۆمەڵێك خاڵ خراونەتەڕوو، کە دیارترینیان ناساندنی کیمیابارانی هەڵەبجەیە وەك جینۆساید، هەربۆیە ڕۆژنامەی (کیهان) لە ماوەی یەك مانگی نموونە پشکیینەکەدا، زۆرترین ژانری ڕۆژنامەگەریی (هەواڵ، ڕاپۆرت، دیدار...)ی تایبەتە بۆ جینۆسایدی هەڵەبجە. لە ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی توێژینەوەکەدا، ئاماژەدراوە کە پێویستە میدیاکان بایەخی زیاتر بە شرۆڤەی تاوانەکانی دژ بەگەلی کورد بدەن، زۆرترین هەوڵی ئەکادیمیایی لەپێناوی توێژینەوەدا لە سەرجەم ڕەهەندەکانی دۆسیەی جینۆسایدی گەلی کورد بدرێت.

**کلیلە وشەکان: جینۆسایدی هەڵەبجە، قوربانییانی جینۆساید، ڕۆژنامەی (کیهان) ی ئێرانیی، جەنگی عێراق- ئێران.**

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

تاوتوێی زانستییانە بۆ پەیامەکانی ئەو میدیایانەی کە بەشێوەی شایەتحاڵێك لە گەرمەی رووداوەکاندا، رووماڵی بەرفراوانی دۆسێ گرنگەکانی تاوانی دژەمرۆڤایەتییان کردووە، بە سەرچاوەی پڕ بەهای داتا و زانیاریی دادەنرێن بۆ نووسینەوەی مێژوو، بەتایبەتیی بۆ ئەو گەلە چەوساوانەی قوربانیی دەستی جینۆسایدن.

کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە, کە بە یەکێك لە گەورەترین جینۆسایدە مرۆییەکانی سەدەی بیستەم دادەنرێت، لەقۆناغي کۆتایی جەنگی نێوان هەردوو دەوڵەتی عێراق-ئێران دا و لە رۆژی (١٦ی ئازاری ١٩٨٨ز)دا، لە لایەن فرۆکە جەنگییەکانی عێراق بە بۆمبی کیمیایی قەدەغەکراو بەجێهێنرا، بەوهۆیەوە بەپێی ئامارەکان نزیکەی (٥,٠٠٠) هەزار هاوڵاتی شەهیدبوون و ژمارەیەکی زیاتریش بریندار و ئاوارەی ئەودیو سنورەکان بوون. ئێستاش دواي تێپەڕینی (٣٣) ساڵ، کاریگەرییە کۆمەڵایەتیی و جەستەیی و ژینگەییەکانی لەسەر دانیشتووانی دەڤەرەکە هەر بەردەوامە.

هەتا ئێستا توێژینەوەی پێویست بەزمانی کوردیی سەبارەت بە داتا و زانیاریی رۆژنامەگەریی هەردوو لایەنی جەنگەکە لەسەر کارەساتی هەڵەبجە نەکراوە، لەکاتێکدا بە دۆکیومێنتی پڕبایەخ دادەنرێت بۆ تۆماری کارەسات و کاردانەوە مرۆیی و سیاسییەکانیشی، لەم rوانگەیەوە توێژەر هەوڵیداوە شرۆڤەی ناوەرۆکی رۆژنامەیەکی فەرمیی و پرتیراژی دەوڵەتی ئێران بکات، کە تا ماوەی یەك مانگی لە دوای ئەنجامدانی ئەو جینۆسایدەوە، لە سەرجەم لاپەڕەکانیدا rووماڵی جینۆسایدەکەی کردووە، زۆر زانیاریی و داتا و وێنە و نەخشەی تێدایە کە بۆ سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژووی جینۆسایدەکە و کاریگەرییەکانی لەسەر رایگشتیی جیهانیی لە بەرامبەر دۆزی ڕەوای گەلی کورد، بە سەرچاوەیەکی گرنگی مێژوویی دادەنرێت.

لەم rوانگەیەوە، ئەم توێژینەوەیە لەسەر رەنگدانەوەی جینۆسایدی هەڵەبجە لە رۆژنامەیەکی پرتیراژ و فەرمی (کیهان)ی فارسیی بەجێهێنراوە، هۆکاری هەڵبژاردنیش بۆ بابەتی توێژینەوەکە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو راستییەی کە لەو ساتەدا پڕتیراژترین رۆژنامەی رۆژانەی ئێرانیی بووە، کە رۆژانە لە رێگەی پەیامنێرە تایبەتییەکانییەوە، ڕووماڵی جینۆسایدی هەڵەبجە و قوربانییان و بریندارانی کردووە، هەواڵ و زانیاریی گرنگیشی سەبارەت بە ناردنی بەرکەوتووان بۆ وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا و رەنگدانەوەی جینۆسایدەکەش لەسەر هەڵوێستی وڵاتان لەخۆگرتووە.

ئامانجی توێژینەوەکەش، شەنوکەوکردنی کۆی داتا و زانیاریی و بابەتەکانی ماوەی یەك مانگی رۆژنامەی (کیهان) ە لە دوای جینۆسایدەکەوە، هەوڵدراوە بە پشتبەستن بە میتۆدی زانستیی (شرۆڤەی ناوەرۆك)، تاوتوێی بابەتەکانی پەیوەندییدار بە جینۆسایدی هەڵەبجە بکرێت، پاشان ئەنجام و پێشنیازیش بخرێتەڕوو.

هەروەها لە پاشکۆی توێژینەوەکەدا، نموونەیەك لە دیارترین لاپەرەکانی رۆژنامەی (کیهان) بخەینەڕوو کە رووماڵی جینۆسایدی هەڵەبجە و رەهەندەکانیشی کردووە

## باسی یەکەم: توێژینەوەکانی پێشوو، پاشخانی زانستیی و میدیایی و سیاسیی

١.توێژیینەوەکانی پێشوو

هەتا ئێستا ،چەند توێژینەوەیەکی هاوشێوە بەزمانی فارسیی کراون و، لەم توێژیینەوەیەدا هەوڵدراوە سوود لە میتۆد و داتاکانی وەربگیرێت، کە دیارترینیان بریتین لە:

-شرۆڤەی ناوەرۆکی رۆژنامەی (کیهان) سەبارەت بە جەنگی ئێران و عێراق: ئەم توێژینەوەیە لەلایەن (زەهرا نازری) بەزمانی فارسیی کراوە، شرۆڤەی ژمارەکانی سێ مانگی رۆژنامەی (کیهان)ی کردووە، لە ساڵی (٢٠٠٩ز) لە گۆڤاری (نگین) بڵاویکردۆتەوە.

-(ئاریا محەمەد) ساڵی (٢٠١١-١٣٩٠ه.ش) نامەیەکی ماستەری لەسەر جینۆسایدی هەڵەبجە بە میتۆدی شرۆڤەی ناوەرۆك نووسیووە و، پێشکەشی زانکۆی ئازادی ئیسلامی لە شاری تاران کردووە بە ناونیشانی (بررسی نسلکشی در حقوق بین المللی با تأکید بر قضیه حلبچه، پایاننامه دوره کارشناسی ارشد، دانشگاه ازاد اسلامی واحد تهران مرکزی).

٢. چەمك و بنەماکانی جینۆساید

چەمکی جینۆساید:

(جینۆساید) (Genocide) وەك تاوانی دژەمرۆیی (Crime Against Humanity) هێندەی تەمەنی مرۆڤ و جەنگەکانی بە دێرین دادەنرێت، لە ململانێی ئیمپراتۆر و دەوڵەت و نەتەوە و ئایینە جۆراوجۆرەکانی بەر لە زایینەوە هەتا ئێستاش، ئەم تاوانە بە بەردەوامیی هەڕەشەی لە کۆمەڵگەی مرۆیی کردووە.

لە رووی زاراوەوە، چەمکی جینۆساید (Genocide) لە زمانی یۆنانییەوە وەرگیراوە، (Genos) بە مانای رەگەز و نەژادێکی مرۆیی و (Caedere) بە مانای لەناوبردن و کوشتن وراماڵینی دێت، یەکەمجار زانای بە رەگەز پۆڵۆنیایی و هەڵگری ناسنامەی ئەمریکایی پرۆفیسۆر (رافایل لیمکین) (Raphael Lemkin) زاراوەی (جینۆساید Genocide)ی بەکارهێنا، ناوبراو لەو باوەڕەدایە چەمکی جینۆساید واتا: لەناوبردنی میللەت یا نەتەوەیەك، بەپیلانێکی بەرنامەرێژ و بە رەفتاری توندوتیژانە بەئامانجی لەناوبردنی بونیادە بنەڕەتییەکانی ژیانی گروپێکی میلیی کە بەمەبەستی لێکهەڵوەشاندنی خودی گروپەکە دەکرێت.(Lemkin, ١٩٤٤, p. ٧٩-٨٠)

بەپێی پێناسێکی تر: جینۆساید بەربڵاوترین تاوانی نێودەوڵەتییە کە بە ئامانجی لەناوبردنی کۆی میللەتێك یا چین و گروپێکی میلیی، نەتەوەیی، نەژادیی یا مەزهەبیی دەکرێت. ئەم دیاردەیەش بە درێژایی مێژوو بەردەوام روویداوە. (Sarkin, ٢٠٠٨, pp. ٣٣١-٣٣٢)

پێناسێکی تر بۆ باشتر ناساندنی جینۆساید بە بەراورد لەگەڵ تاوانەکانی تر، دەستنیشانکردنی جۆر و شێوازی ئەنجامدانی جینۆسایدە، بۆ ئەو مەبەستەش کۆنڤاشیۆنی قەدەغە و سزادانی جینۆساید کە ساڵی (١٩٤٨ز) لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە پەسەندکراوە، لە ماددەی (٢)دا بنچینەیەکی یاسایی خستۆتەڕوو، تیایدا هاتووە کە کوشتنی بەکۆمەڵ و رێگەگرتن لە زاووزێ و هاوشێوەکانیان، دەچنە خانەی جینۆسایدەوە (UN:Convention, ١٩٤٨).

لە روانگەی ئەم پێناسانەوە، جینۆساید تاوانێکی بەئەنقەست و بەرنامەی پێشوەختە بۆ بەجێهێنانی هەیە، ئامانجەکەشی لەناوبردنی بنەما بنەڕەتییەکانی ژیانی میللەتێك یا لایەنێکی ئایینیی و ئیتنیکییە. هەروەها، بۆچوونێکی هاوبەش لەسەر تاوانی جینۆساید بریتییە لە بوونی هەردوو بنەمای کوشتنی بەکۆمەڵ و بەرنامەرێژی بۆ ئەنجامدانی کە ئامانجەکەی لەناوبردنی جەستەیی و سرینەوەی تایبەتمەندییەکانیانە.

قۆناغەکانی پیادەکردنی تاوانی جینۆسایدیش بریتین لە:

١-وێرانکردنی چوارچێوە و قەبارەی نیشتمانیی ئەو کۆمەڵە مرۆڤەی لەژێر چەوساندنەوەدان.

٢-گۆڕینی چوارچێوە و قەبارە نیشتمانییە وێرانکراوەکە بەو سیستەمەی کە جێبەجێکەرانی تاوانەکە دەیسەپێنن. (د.مارف عومەر گوڵ،٢٠٠٠، لا ٤٧)

تاوانە جەنگییەکانی دژ بە گەلی کورد بەدرێژایی سەدەی بیستەم، لە چوارچێوەی ئەو پێناس و بنەماباوەڕانەی (پرەنسیپانە) بۆ جینۆساید دەکرێن، دەچنە خانەی جینۆساید، بەڵام ئەمەش پێویستی بە شرۆڤە هەیە کە یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە.

سەبارەت بە رەهەندە یاساییەکانی جینۆساید، واتا ئەو بنەما گرنگانەی لە روانگەی یاسا نێودەوڵەتییەکانەوە وەك پێوەرێك بۆ جینۆساید هەن، شارەزایەکی بواری جینۆسایدی هەڵەبجە لەو باوەڕەدایە دۆسێی کیمیابارانی هەڵەبجە لە روانگەی ئەو یاسا نێودەوڵەتییانەوە، سەرجەم بنەماکان لە کردنی تاوانی جینۆساید دەرهەق بەو شارەدا هەیە، ئەوانیش بریتین لە:

-بنەمای یاسایی: بەپێی پرەنسیپە سەرەکییەکانی یاسای سزادان، تەنها ئەو رەفتارانە سزادەدرێن کە بەپێی یاسا بە تاوان دانرابن و سزایان بۆ دەستنیشان کرابێت. لە ساڵی (١٩٤٨)یشەوە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەفەرمیی کۆنڤاشیۆنی قەدەغەکردنی کوشتاری بەکۆمەڵی وەك بنەمایەکی یاسایی بۆ سزادانی جینۆساید لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی داناوە.

-بنەمای ماددیی: تاوانی جینۆساید بەپێی ماددەی (٦)ی پەیڕەونامەی دادگای سزای نێودەوڵەتیی بە تاوان دانراوە.

-بنەمای مەعنەویی تاوان: یەکێك لە خەسڵەتە تایبەتییەکانی جینۆساید، جەختکردنەوەیە لەسەر لایەنی دەروونیی. (سید جعفر حسینی و دیگران، ١٣٩٨، ص ٢٦)

ئەمرۆش لە یاسای سەرجەم وڵاتانی جیهان وێڕای ئەوەی کوشتنی بەئەنقەستی کەسێك یان گروپێك بەتاوان دادەنرێت، لەسەر ئاستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی چەندین رێککەوتنامەی جیهانیی بۆ قەدەغە و سزادانی تاوانی جینۆساید پەسەندکراون و، لەلایەن دادگا نێودەوڵەتییەکانەوە پیادەدەکرێن، لەبەر ئەم هاوکۆلکەیەش (فاکتەر) هەر دۆسییەیەکی جینۆساید (بەتایبەتی جینۆسایدەکانی دژ بەگەلی کورد)، بۆ وەرگرتنەوەی مافە مادیی و مەعنەوییەکانی و، رێگەگرتنیش لە دووبارەبوونەوەی ئەو تاوانە مرۆییە، پێویستە بەتەواوەتیی شرۆڤەی یاسا و رێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکانی جینۆساید بکەین.

٣. دۆسییەی کیمیابارانی هەڵەبجە، زەمینەسازیی بۆ جینۆسایدی گەلی کورد

بەرنامەڕێژیی دەوڵەتی عێراق بۆ دروستکردنی فشار لەسەر دەوڵەتی نوێی ئێران، بە ئامانجی وەرگرتنەوەی کەنداوی فارس، لە سەرەتادا بە هەڵوەشاندنەوەی پرۆتۆکۆلی جەزائیری ساڵی (١٩٧٥ز)١ی نێوان هەردوو وڵات

١ - ئەم پرۆتۆکۆلە لە ٦ی ئازاری ١٩٧٥ لەلایەن (سەدام حوسێن)ی جێگری سەرۆك کۆماری عێراق و (حەمەرەزاشا)ی ئێران بە ئامادەبوونی (هواری بۆمیدییەن)ی سەرۆکی جەزائیر لە جەزائیر مۆرکرا، تیایدا نیوەی کەنداوی فارس بەخشرا بە ئێران، شای ئێرانیش دەستی لە هاریکاریی شۆڕشی کورد هەڵگرت، بەوهۆیەوە شۆڕشی کورد نسکۆی هێنا.

گرنگترین ئامانجەکانی هەردوولا لەو ڕێککەوتنامە بریتی بوو لە:

- چارەسەری مەسەلەی پەنابەرانی کوردی عێراق.

- باشکردنی پەیوەندییە ئابوری و بازرگانییەکانی نێوان هەردوولا.

- دەستپێکردنەوەی گەشتە ئاسمانییەکانی نێوان ئێران و عێراق.

-ڕێگادان بە گەشتی بەکۆمەڵی زیارەتکارانی ئێرانی و عێراقی بۆ سەردانی مەزارە پیرۆزەکان.

دەستپێکرد. (ویلایتی، ١٣٧٦، ص ٣٧)

بە پێی ئەو پەیماننامەیە، دەوڵەتی عێراق لەپێناوی سەرکوتکردنی شۆڕشی کوردستان، بە ناچارییەوە نیوەی کەنداوی فارسیی بە رژێمی شاهەنشاهی ئێران بەخشیی. لەبەرامبەردا، ئێران کۆتایی بە پشتیوانییکردنی شۆڕشی کورد هێنا و سنورەکانی داخست، ئامانجی عێراق هاتەدیی و شۆڕش دووچاری نسکۆ بوو. هەربۆیە لە سیاسەتێکی نوێدا لەبەرامبەر دەوڵەتی نوێی ئێران، کە تازە لە شاهەنشاهییەوە سیستەمەکەی بۆ کۆماریی گۆڕابوو، دەیویست سەرلەنوێ هەژموونی خۆی بەسەر کەنداوی فارسیی دا زاڵبکات.

لەبەر ئەم هاوکۆلکانە (فاکتەر)، بە فەرمانێکی تایبەتیی (سەدام حوسێن)ی سەرۆك کۆماری ئەو کاتەی عێراق، رۆژی (١٧ی ئەیلولی ١٩٨٠ز) لە بەیاننامەیەکدا رێککەوتنامەی جەزائیری هەڵوەشاندەوە و، پەلامارێکی سەربازیی کتوپڕیشی بۆسەر ئیران دەستپێکرد، هەتا مەرجەکانی خۆی بەسەردا بسەپێنێ. (طوالبة، ١٩٨٤، ص٤٨.) عێراق جەنگەکەی بە قادسییەی دووەم٢ ناونا و، ئیرانیش لای خۆیەوە بە (بەرگری پیرۆز- دفاع مقدس) ناوزەدکرد. (محمد دروديان، ١٣٧٩، ص ٣٠).

دەستنیشانکردنی ساڵی (١٩٨٠ز) بۆ هەڵگیرساندنی جەنگ لەلایەن دەوڵەتی عێراق، هاوکۆلکەکەی (فاکتەر) دەگەڕایەوە بۆ بەهێزبوونی سوپاکەی و قۆستنەوەی نائارامیی دۆخی ئێران بەهۆی رووخانی دەسەڵاتی شاهەنشاهیی و هاتنەئارای حکومەتێکی تازەوە، سەدام لەو بڕوایەدابوو بە ئاسانیی دەتوانێ بەهۆی جەنگەوە ئێران ناچاربکات هەتا دەست لە نیوەی کەنداوی فارسیی هەڵبگرێت کە بە پەیماننامەی (جەزائیر) وەریگرتبوو.

گەلی کورد لە هەردوو وڵاتەکەدا، بەدرێژایی ماوەی ساڵانی جەنگ (١٩٨٠-١٩٨٨ز) رووبەڕووی چەندین کارەساتی خوێناوی بووەوە، بەتایبەتیی کە کوردستان ببوە گۆڕەپانێکی گەرمی جەنگی هەردوو دەوڵەت، لەهەمان کاتدا دەرفەتی بۆ هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردیش رەخساند هەتا هێزەکانی پێشمەرگە بە پشتیوانی دانیشتوانی گوندەکان، رووبەرێکی زۆری جوگرافیایی کوردستان رزگاربکەن، ئەنجوومەنی خۆبەڕێوەبەریش بۆ کاروباری ژیانیان پێکبهێنن.

لە ماوەی جەنگی هەردوو دەوڵەتی عێراق-ئێران، هێز و پارتە کوردییەکانی کوردستان وەك هاوپەیمانێکی سەربازیی، چەندین چالاکیی هاوبەشیان بە شێوەی سەربەخۆ یان بە پشتیوانی ئێران دژ بە سوپای عێراق بەجێهێناوە. دیارترین هاوپەیمانێتی سەربازییانەش، پلانی ئازادکردنی شاری هەڵەبجە و دەوروبەری بوو لە بەهاری ساڵی (١٩٨٨ز)دا.

لە روانگەی پارتە کوردییەکانەوە، ئامانجی سەرەکیی بۆ ئازادکردنی شاری هەڵەبجە و ماڵینی سوپای عێراق، کەمکردنەوەی فشاری زۆری سەربازیی سوپای عیراق بوو، کە بەوپەڕیی دڕندەییەوە دەستیکردبوو بە شاڵاوی ئەنفال بۆ سەر ناوچە رزگارکراوەکانی پێشمەرگە، بەتایبەتی بۆ سەر ناوچەی سورداش و دۆڵی جافایەتیی، کە بە بڕیاری هاوپەیمانیی حیزبەکان، بڕیاردرا لەسەر ئازادکردنی شاری هەڵەبجە. (ئەمین، ١٩٩٩، لا ١٤٤)

مەبەستی راستەوخۆی ئێران لە بەشداریی پرۆسەی گرتنی شاری هەڵەبجە، سەرەڕای ئامانجە سیاسییەکانی، لە

---

-کردنەوەی سەرکونسوڵگەری ئێران لە کەربەلا و بەسرە و سەرکونسوڵگەری عێراقیش لە لە خوڕەمشەهر و کرماشان.

بۆ دەقی رێککەوتنامەکە بڕوانە: علی اکبر ویلایتی: تاریخ سیاسی جنگ تحمیلی عراق علیه جمهوری اسلامی ایران، دفتر نشر فرهنگ اسلامی، چاپ اول ١٣٧٦، ص ٣٧.

٢ - ناونانی ئەم جەنگە لەلایەن عیراقەوە بە قادسییەی دووەم، بۆ یادکردنەوەی جەنگی قادسییەی یەکەم بوو کە لە (١٦-١٩ تشرینی دووەمی ٦٣٦)ی زایینی لەلایەن سوپای عەرەب و فارسەوە ڕووی دا، سەرەنجام سوپای عەرەب بە سەرکردایەتی سەعدی کوڕی ئەبی وەققاس سەرکەوتنی بەدەست هێنا، سەدامیش دەیویست بە لاسایی ئەو جەنگە، سەرکەوتن بەسەر ئیراندا بەدەست بهێنێ.

رووی سـەربازییەوە بریتیبـوون لـە:
-ئازادکردنی شارۆچکەکانی هەڵەبجە، خورماڵ، سیروان، بیارە و تەوێڵە.
-زەمینەسازیی بۆ دەستبەسەرداگرتنی بەنداوی دەربەندیخان.
-داخستنی رێگای پاشەکشە لە سوپای عیراق لە سنوری پارێزگای سلێمانییەوە. (محمد درودیان، ١٣٧٦، ص ٢٢٢).
ئامانجـی ناڕاستەوخۆشـی لـەو نەخشـەیە، کەمکردنـەوەی فشـاری پەلامارەکانـی سـوپای عیـراق بـوو لـە بـەرەی باشـوور واتـا لـە شـارەکانی بـەسرە و فـاو. (ویلایتـی، چـاپ اول ١٣٧٦ـ ص ١٧٨) ( بـۆ نەخشـە سـەربازییەکەی سـەیری وێنـەی ژمـارە ١ بکـە)
بـۆ پیادەکردنـی ئـەم ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییە هاوبەشـە، سـەرجەم هێـزە کوردییەکانـی هەرێمـی کوردسـتان کـە تـازە بـوو بـوون بـە هاوپەیـمان، بـەم چەشـنەی خـوارەوە نەخشـەی ئازادکردنـی هەڵەبجەیـان دارشـت:
-هێزەکانـی (ی.ن.ك) بەهاریکاریـی قـەرارگای رەمەزانـی ئیرانیـی، رەبایەکانـی پاسـەوانی تۆپخانـەی (دەڵەمـەڕ) بگـرن. هێزێکـی تـر بەشـێوەی نهێنیـی و پارتیزانیـی بـۆ نـاو شـاری هەڵەبجـە بچنـم هەتـا دەسـتبگرن بەسـەر هەنـدێ شـوێنی هەسـتیاری حیزبـی بەعـس دا. هەروەهـا ئەرکـی ئازادکردنـی بەرزاییەکانـی ئەشـکەهۆڵ و شنروێشـی گرتەئەسـتۆ.
-هێزەکانـی (حسـك) بـە هاریکاریـی قـەرارگای رەمـەزان، لـە پشـتەوەی هێزەکانـی عیـراق و لەسـەر سـنوری پـردی زەڵـم، بـۆ شـڵەژانی سـوپای عیـراق لـە کاتـی جێبەجێکردنـی نەخشـەی ئازادکردنـدا، چەنـد چالاکییـەك بەجێبهێنـن.
-هێزەکانـی (پ.د.ك) و (حسـك) بەهاوکاریـی قـەرارگای قودسـی ئێرانیـی و بەشـێك لـە قـەرارگای رەمـەزان، لـە لای باکـورەوە پەلامـاری شـاری هەڵەبجـە بـدەن.
- لـەلای باشـورەوە کـە قـەرارگای فەتحـی ئێرانیـی لێبـوو، لـەلای ناوچـەی نەورۆڵیـی و تەمورەژەنـان و (ملـەی داریَ) بـەرەو شـارۆچکەی سـیروان بچـن، ئـەم دوو هێـزە بگەنـەوە بـە یەکـتر و، پاشـان هێزەکانـی عێـراق کـە دەکەوتنـە پشـتی پـردی زەڵمـەوە هەتـا تەوێڵـە و شرام و پاڵانیـا و چیـای پەرۆنیـی گەمارۆبـدەن.
-بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەرکی کاروباری لۆجستیکیی سەرجەم هێزەکانی پێسپێردرا. (حەمە سەعید، ٢٠١٤، لا ٧١)
نەخشەی ئازادکردنی هەڵەبجە، لەلایەن (شەوکەتی حاجی موشیر)ی فەرماندەی (ی.ن.ك)ەوە سەرپەرشتیدەکرا.
دوای جێبەجێکردنـی پرۆسـەکە بـە سـەرکەوتوویی، دانیشـتوانی هەڵەبجـە هەڵوێسـت و خۆشـحاڵیی خۆیـان دەربڕیـی، بـەڵام سـوپای عیـراق رێـژەی پەلامـار و تاوانەکانیـان لـە بەجێهێنانـی شـاڵاوی ئەنفـال لـە کوردسـتان کەمنەکـردەوە. لـە پەلامارێکـی کیمیابارانـی کتوپـڕدا، رۆژی (١٦)ی ئـازار نزیکـەی (٥٠) فڕۆکـە کـە هەریەکەیـان (٨) بۆمبـای (٥٠٠کگـم) ی کیمیاییـان هەڵگرتبـوو، کیمیابارانـی شـاری هەڵەبجەیـان کـرد. (السـامرائی، ١٩٩٧، ص ١٠٤)
(عەلـی حەسـەن ئەلمەجیـد)ی سەرپەرشـتیاری راسـتەوخۆی پەلامـارە کیمیاییەکـە، بـە باشـیی دەیزانـی ئـەو گازانـەی لـە پەلامـاری هەڵەبجـەدا بەکاریدەهێنـێ لـە هـەوا سـەنگینترە، بۆیـە سـەرەتا بـە تۆپبـاران دەسـتیپێکرد تـا خەڵـك بـۆ خۆپاراسـتن بچنـە نێـو پەناگـە و ژێرزەمیـن و کونەتەیـارە، پاشـان کیمیابارانـی کـردن هەتـا فریـای خۆڕزگارکـردن نەکـەون، ئـەم پەناگایانـە بـوون بـە «ژووری گاز»، واتـا وەك ئـەو ژوورانـەی کـە نازییـەکان پڕیاندەکـرد لـە دیـل و پاشـان بـە گازی خنکێنـەر دەیکوشـتن. (جـەی کیلـی، ٢٠١٢، لا ٧٩).
بەبـڕوای (پیتـەر گالبرێـس)ی چاودێری ئەمریکایـی کە بـە فەرمی لەلایەن واشـنتۆنەوە ئەرکـی راگوێزانـی بەڵگەنامەکانی ئەنفـال و کیمیابارانـی لـە ئەسـتۆدابوو، لـەو باوەڕەدایـە: «عەلـی کیمیایـی بـە تاقیکردنـەوە مەرگبارەکانـی خـۆی، هەوڵیـدەدا بزانـێ کام چەکـی کیمیایـی زۆرتریـن کاریگەریـی هەیـە».(CBS News, ٢٠٠٣, Web)

بێگومـان ئـەم پەلامـارە کیمیاییـە، یەکەمیـن رەفتاریـی تاوانبارانـەی عێـراق نەبـوو لـە مـاوەی جەنگەکـەدا، بەڵکـو لـە دەسـتپێکی جەنگـی عێـراق - ئێـران بەتایبەتیـی لـە سـاڵانی (١٩٨٤-١٩٨٨ز)دا، دەوڵەتـی ئێـران پـتر لـە (٢٥٢) پەلاماریـی کیمیایـی عێراقـی بۆسـەر وڵاتەکـەی لـە rێکخـراوی نەتەوەیەکگرتـووەکان تۆمارکـردووە، دیارتریـن نمونـە بۆسـەر کوردسـتانیش پەلاماریـی کیمیابارانـی رۆژی (٦ی تیـری ١٣٦٦هــ.ش، ٢٧ی حوزەیرانـی ١٩٨٧ز) بۆسـەر ناوچـەی شـاری سەردەشـت بـوو کـە نزیکـەی هـەزار کـەس برینـدار و شـەهیدبوون. (اردلان و مقـدم،١٣٩٤، ص ١٢٣).

لـە جینۆسـایدی هەڵەبجـەدا، هەرچەنـدە هەتـا ئێسـتا ئامارێکـی وردی ژمـارەی شـەهید و قوربانییـان و بەرکەوتـووان و ئـاوارەکان لەبەردەسـتدا نییـە، بـەڵام بەپێـی خەمڵاندنـەکان نزیکـەی (٥,٠٠٠) هـەزار هاوڵاتیـی شـەهید و زیاتـر لـەو ژمارەیـەش بریندارب‌ـوون، کـە هەتـا ئێسـتاش بەشـێك لـە بەرکەوتـووان لـە ژیانـدان و شـوێنەواری گازی کیمیایـی لەسـەر جەسـتەیان مـاوە.

گرنگتریـن پرۆسـەی میدیایـی بـۆ ئاگادارکردنـەوەی رایگشـتی جیهانیـی لـە جینۆسـایدی کیمیابارانـی هەڵەبجـە، هاتنـی دەیـان پەیامنێـری ئێرانیـی و جیهانیـی (بەتایبـەت میدیـای ئەوروپایـی) بـوو بـۆ رووماڵکردنـی هـەواڵ و بەدواداچـوون و وێنـە و ڤیدیـۆی قوربانیـان و بەرکەوتـووان لـە شـاری هەڵەبجـە و دەوروبـەری٣، رۆژنامـەی (کیهان)یـش لـە ریـزی ئـەو رۆژنامـە پرتیراژانـەی ئێـران دا بـوو، کـە لـە سـەرەتاوە بەشـێوازێکی فـراوان رووماڵـی جینۆسـایدەکەی کـردووە، لەم روانگەیـەوە وەك نموونەپشـکنینێک (سـامپڵ) بـۆ ئـەم توێژینەوەیـە دەستنیشـانکراوە و شرۆڤـەی ناوەرۆکـی بابەتەکانـی لـە بەشـی دووەمـدا دێـت.

٤. جینۆسایدی هەڵەبجە لەبەر رۆشنایی رێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکاندا

بەدرێژایـی مێـژووی کۆمەڵـگای مرۆڤایەتیـی، جۆرەهـا رێککەوتنامـەی ئاشـتیی لەنێـوان دوو وڵات یـان زیاتردا بەسـتراوە، هەڵکشـانی رێـژەی قوربانییانـی مەدەنیـی لـە جەنگەکانـدا، بـووە بـە مایـەی هاندانـی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتیـی لەپێنـاوی بەسـتنی رێککەوتنامـەی جۆراوجـۆر بـۆ پاراسـتنی گیانـی هاوڵاتییـان و قەدەغەکردنـی چەکـی کوشـندە لـە یەکلاکردنـەوەی ململانێکانـدا، کـە زۆرجـار خەڵکـی مەدەنیـی دەبنـە قوربانیـی.

لـەم روانگەیـەوە یەکەمیـن هەوڵـی نێودەوڵەتیـی، کـە چەندیـن وڵات بەشـێوەیەکی فەرمیـی تیایـدا بەشـداربن بـۆ رێگەگرتـن لـە بەکارهێنانـی چەکـی قەدەغەکـراو، لـە سـاڵی (١٨٧٤ز)دا لەژێـر نـاوی (کۆنڤاشـیۆنی برۆکسـل بـۆ مـاف و یاسـاکانی جەنـگ) پەسـەندکرا، گرنگتریـن بەندەکانـی رێککەوتنامەکـە سـەبارەت بـە قەدەغەکردنـی بەکارهێنانـی کەرەسـتەی ژەهراویـی لـە جەنگـدا بـوو. (The Brussels Convention ١٨٧٤)

درێژەکێشـانی تاوانەکانـی جەنـگ و کوشـتاری مەدەنیـی لـە مـاوەی یەکـەم جەنگـی جیهانیـی (١٩١٤-١٩١٨ز) کـە مرۆڤایەتـی کارەسـاتی گـەورەی بەخۆوەبینـی، بەتایبەتـی بەهـۆی بەکارهێنانـی چەکـی ژەهراویـی و قەدەغەکـراو، بـوو بـە مایـەی کۆدەنگیـی لـە نێـوان چەندیـن دەوڵەتـی زلهێـز بـە ئامانجـی خۆپارێزیـی لـە چەکـی کیمیایـی و ژەهراویـی، لـە ئەنجامـدا لـە سـاڵی (١٩٢٥ز)دا (پرۆتۆکۆلـی جنێـڤ) پەسـەندکرا و هـەردوو وڵاتـی عێـراق و ئێرانیـش ئیمزایـان لەسـەر کـرد. (UN website ,١٩٢٥,Geneva Protocol)

لـەدوای کۆتاییهاتنـی دووەم جەنگـی جیهانیـی، هەوڵـە نێودەوڵەتییـەکان بـۆ پرۆتسـتۆ و قەدەغەکردنـی جینۆسـاید

---

٣ - توێژەر بەشێکی زۆری ئەو رۆژنامە و گۆڤارە جیهانییانەی کۆکردۆتەوە و سەرلەنوێ بەچاپی گەیاندوون کە دەربارەی کیمیابارانی هەڵەبجە نوسراون و چوار جار چاپ کراونەتەوە، بۆ زانیاریی زیاتر:

-د.کارزان محەمەد: جینۆسایدی هەڵەبجە لە میدیا نێودەوڵەتییەکاندا، چاپی چوارەم، سلێمانی، ٢٠٢٠ز

لەسەر ئاستی جیهان، بە بڕیارێکی نەتەوەیەکگرتووەکان (UN) لە ساڵی (١٩٤٦ز)دا بەشێوەیەکی فەرمیی هاتە ئاراوە. لەم بڕیارنامەیەدا داوای لە سەرجەم وڵاتانی جیهان کرد، هەتا بە یاسا رێگە لە جینۆساید بگرن و سزای تاوانبارانیش بدەن. (UN website ,١٩٤٦ ,The Crime of Genocide)

بە پشتبەستن بەم بڕیارنامەیەش، رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان پرۆگرامی دامەزراندنی (کۆنڤاشیۆنی رێگەگرتن و سزادانی تاوانی جینۆساید)ی لە ساڵی (١٩٤٨ز)دا پەسەندکرد، پێکهاتووە لە (١٩) بەند و پێشەکییەکی کورت و هەتا ساڵی (١٩٩٦) پتر لە (١١٥) وڵات بوون بە ئەندام.

لە ماددەی یەکەمدا جینۆسایدی وەك تاوان ناساند، لە ماددەی دووەمیشدا جۆرەکانی جینۆسایدی خستۆتەڕوو: مەبەست لە جینۆساید، هەر یەکێک لەو رەفتارانە دەگرێتەوە وەك:

-کوشتنی ئەندامانی گروپێك.

-زیانگەیاندنی توند بە تەندروستیی جەستەیی یا دەروونیی ئەندامانی گروپێك.

-بە ئەنقەست, گروپێك لەبەردەم هەلومەرج و دۆخی ژیانێکی نەشیاودا دابنرێن، کە سەرئەنجام ببێت بەمایەی لەناوبردنی جەستەی بە تەواوەتیی یاخود بەشێکی.

-ئەو هەنگاوانەی بە مەبەستی رێگەگرتن لە لەدایکبوون و زاووزێی ئەو گرووپە بەجێدەهێنرێت.

-گواستنەوەی ناچارییانەی منداڵان لە گروپێکەوە بۆ گروپێکیتر. (UN website ,١٩٤٨ ,the Crime of Genocide)

هەروەها ماددەی (٣) ی ئەم پەیماننامەیە، چوارچێوەیەکی یاسایی گرنگی نێودەوڵەتییە، بۆ رێگرییکردن لە تاوانی جینۆساید، لە ماددەی (٣)دا جەخت لەسەر سزادانی جینۆساید و پلاندانان و بزواندن و هەوڵدان بۆ بەجێهینانی ئەم تاوانانە کراوەتەوە.

بە پشتبەستن بەمادەکانی ئەم رێککەوتنامەیە، لە جینۆسایدی هەڵەبجەدا سەرجەم جۆرەکانی تاوانکاریی کراوە. هەردوو بڕگەی دووەم و سێیەمی مادەی دووەم، هەتا ئێستاش کاریگەرییەکانی لەسەر دانیشتوانی هەڵەبجە بە شێوازی جۆراوجۆر دەبینرێت.

پەسەندکرانی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ لە (١٠)ی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٤٨) لەلایەن رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە، رێوشوێنێکی یاسایی گرنگ بوو بۆ دەستنیشانکردنی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ کە هیچ دەوڵەتێك مافی پێشێلکردنی نییە.

لە پرەنسیپانەی جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤدا کە نزیکەی تەواوی مافەکانی مرۆڤی لەخۆگرتووە، لەبەندی (٥)دا هاتووە: «هییچ مرۆڤێك ئازار و ئەشکەنجە نادرێت و رەفتاری توندوتیژ و دڕندانە و ئابڕووبەرانەی لەگەڵدا ناکرێت».

پێشێلی مافەکانی مرۆڤ لە دۆسییەی جینۆسایدی هەڵەبجە، بە ئاشکرا بە بەزاندنی سەرجەم ئەو مافە مرۆییانەش دادەنرێت، کە لە جاڕنامەی گەردوونیی بۆ مافەکانی مرۆڤ دا جەختیان لەسەر کراوەتەوە.

سەبارەت بە قەدەغەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، بەهۆی گەشەسەندنی تەکنەلۆژیای چەکی بایۆلۆژیی و کوشندە لەسەر ئاستی وڵاتانی زلهێزی جیهان و فرۆشتنی بە وڵاتە هاوپەیمانەکانیان، سەرلەنوێ بوو بە مایەی هاندانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان هەتا لە ساڵی (١٩٧١ز) بە ئامانجی چاکسازیی لە پرۆتۆکۆلی (١٩٢٥ز) ی جنێڤ، لە ساڵی (١٩٧٢ز) کۆنڤاشیۆنی چەکە بایۆلۆژییەکان (BWC)[٤]ی پەسەندکرد لەپێناوی قەدەغەکردنی

4-The Biological Weapons Convention (BWC):
https://www.un.org/disarmament/ar/biological-weapons/

بەکارهێنانـی ئـەو چەکـە دژە مرۆییانـە.

بـە گشـتیی، سـەرجەم ئـەو تاوانانـەی لـەم رێککەوتنامانـەدا ئاماژەیانپێـدراوە، بەشـێوەیەکی راسـتەوخۆ لە ئۆپەراسـیۆنی سـەربازیی بـۆ سـەر شـاری هەڵەبجـە و کیمیابارانکردنیـدا دەبینرێـت، ئەمـەش پاسـاوێکی گرنگـی یاسـایی بـوون کـە لەناوخـۆی عێـراق دا، دادگایـەك بـۆ دادگایـی تاوانبارانـی دۆسـێکە دابمەزرێـت، بـە پشتبەسـتن بـە رێککەوتنامـە نێودەوڵەتییەکانیـش تاوانبـارە سـەرەکییەکان بەتایبـەت (عەلـی حەسـەن ئەلمەجیـد) رووبـەڕووی سـزای لەسـێدارەدان بـووەوە، بـەڵام هەتـا ئێسـتا مافـە یاسـاییەکانی هەڵەبجـە نەهێنراوەنەتەدیـی کـە قەرەبووکردنـەوەی قوربانییـان و زیانلێکەوتووانـە. لـەم روانگەیـەوە، تۆمـاری دیکۆمێنتاریـی جینۆسـاید بـە تایبەتـی ئـەو راسـتییانەی کـە لـە میدیاکانـدا تۆمارکـراون، بەڵگەنامەگەلێکـی گرنگـن کـە لـە ئێسـتا یاخـود لـە ئاینـدەدا، کـورد داوای مافـی قەرەبووکردنـەوە لـە دەوڵەتـی عێـراق بـکات.

توێـژەر بـۆ تاوتوێـی دیکۆمێنتێکـی گرنگـی جینۆسـایدی هەڵەبجـە، داتـا و بابەتەکانـی رۆژنامـەی (کیهـان)ی بـە نموونـە وەرگرتـووە، هەتـا لـە رێـی میتۆدێکـی زانسـتییەوە، رەهەنـد و لایەنـە جۆراوجۆرەکانـی ئـەو دیکۆمێنتـە گرنگـە شرۆڤـە بکات.

## باسی دووەم: میتۆدنامە

یەکەم: ناونیشانی توێژینەوە:

ئـەم توێژینەوەیـە بەناونیشـانی (رەنگدانـەوەی جینۆسـایدی کیمیابارانـی هەڵەبجـە لـە ڕۆژنامەگـەری ئێرانیـی دا- رۆژنامـەی –کیهـان- بـە نموونـە)، شرۆڤەیەکـە بـۆ رووماڵـی رۆژنامەگەریـی لەبـارەی دۆسـییەی جینۆسایدی هەڵەبجـە و رەنگدانـەوەی لـە ژانرەکانـی رۆژنامەگەریـی فارسـیی دا بەتایبەتـی رۆژنامـەی (کیهـان).

دووەم: کێشە و پرسیاری توێژینەوەکە

پرسـیاری سـەرەکیی توێژینەوەکـە، هەوڵـدراوە بەشـێوازێکی زانسـتیی وەڵامبدرێتـەوە، کـە بریتییـە لـە: «ئایـا هەتـا چەنـد رۆژنامەگەریـی ئێرانیـی بایەخیـداوە بـە جینۆسـایدی هەڵەبجـە؟»

لەبـەر رۆشـنایی پرسـیاری سـەرەکیی توێژینەوەکەشـدا، کۆمەڵێـك پرسـیاری تـر هـەن کـە هەوڵـی وەڵامدانەوەیەکـی زانسـتییانە و دیکۆمێنتداریـان دەدەینـەوە، ئـەو پرسـیارە لاوەکییانـەش بریتیـن لـە:

-ئاسـتی بایەخدانـی رۆژنامـەی (کیهـان) وەك رۆژنامەیەکـی بەئەزمـوون و پڕتیـراژی فەرمیـی بـە جینۆسایدی هەڵەبجە، چۆن بـووە؟

-رۆژنامەی (کیهان) لە چەند رەهەندەوە رووماڵی جینۆسایدی (هەڵەبجە)ی کردووە؟

-لـە رووی هونـەری رۆژنامەگەرییـەوە، رێـژە و فراوانیـی ژانرەکانـی نووسـین (هـەواڵ، مانشـێت و مانشـێتەهەواڵ، راپـۆرت، وتـار، گفتوگـۆ، یاداشـت، وێنـە)ی تایبـەت بـە جینۆسـایدی هەڵەبجـە چەنـدە؟

-رۆژنامەکـە بـۆ رووماڵـی جینۆسـایدی هەڵەبجـە، بـە کام سـەرچاوە (ناوخـۆ، بیانیـی) پشتیبەسـتووە؟ هەتـا چەنـد پەیامنێـر و رۆژنامەنووسـانی خـۆی بـۆ دەڤەرەکـە نـاردووە؟

-رۆژنامـەی (کیهـان) چـۆن باسـی لێکەوتـە و کاریگەرییەکانـی جینۆسـایدی هەڵەبجـەی لەسـەر بەرکەوتـووان و ئـاوارەکان کـردووە؟

-پۆلێنی بابەتەکانی پەیوەندییدار بە جینۆسایدی هەڵەبجە لە رۆژنامەی (کیهان).

-ڕۆژنامەی (کیهان)، کام بواری تایبەت بە جینۆسایدی هەڵەبجەی بەرجەستەتر کردووە؟

سێیەم: بایەخی توێژینەوەکە

شرۆڤەی ڕۆژنامەگەریی بیانیی، کە چۆن ڕووماڵی دۆسییەکانی جینۆسایدی کوردیان کردووە، بە سەرچاوەیەکی گرنگ دادەنرێن بۆ سەرلەنوێ نووسینەوەی مێژووی نەهامەتییەکانی گەلی کورد لە ڕێگەی میدیای نووسراو، بەتایبەتی ئەو میدیایانەی کە موڵکی کورد نین، بەڵام دۆکیومێنت و بەڵگەی گرنگن بۆ تۆماری جینۆسایدی گەلی کورد لە کات و ساتی خۆیدا.

چوارەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە

بە مەبەستی گەیشتن بە کۆمەڵێك ئەنجامی گرنگ، توێژەر کۆمەڵێك ئامانجی دیاریکردووە:

١-زانینی ئاستی بایەخدانی ڕۆژنامەگەری ئێرانیی (کیهان بە نموونە) بە جینۆسایدی کیمیابارانی هەڵەبجە بە ژمارە و داتا.

٢-خستنەڕووی سەرجەم ئەو ژانرە ڕۆژنامەگەرییانەی لەم ڕۆژنامەیەدا تایبەتن بە جینۆسایدی هەڵەبجە (وەك: هەواڵ و ڕاپۆرت، وتار، مانشێتی سەرەکیی، وێنە و فۆتۆستۆریی...).

٣- هەتا چەند جینۆسایدی هەڵەبجە لە بابەتەکانی ڕۆژنامەکەدا ڕەنگدانەوەی هەبووە.

٤-شرۆڤەی ئەو بابەتانەی پەیوەندییدارن بەجینۆسایدی هەڵەبجە کە بۆ نووسینەوە و تۆماری مێژوویی لە بواری ڕۆژنامەگەرییدا جێگەی بایەخن.

پێنجەم: جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوە جۆرییە (Qualitative)ە، بە پشتبەستن بە میتۆدی ناخشیکاریی (content analysis)، هەوڵدەدات لە ڕووی پێوانەی یەکە و جۆرەوە، تەوەرە و دەستەکانی بابەتی توێژینەوەکە شرۆڤەبکات.

سوودیش لە شێوازەکانی (دیدار و هەڤپەیڤین) و (ڕێگای تێبینیکردن)یش وەرگیراوە.

شەشەم: بواری توێژینەوەکە

کۆمەڵگە و سنووری توێژینەوەکە بەسەر سێ بواری گرنگدا پۆلێنکراون:

١-بواری شوێن: لەساتی ڕوودانی کیمیابارانی هەڵەبجەدا، ڕۆژنامەنووسانی ئێرانیی لە شوێنی کارەساتەکەد، سەرقاڵی گواستنەوەی هەواڵەکانی جەنگ بوون، یەکێك لەو ڕۆژنامانەش کە لە ڕووی دەستپێشخەرییەوە لە ڕیزبەندی یەکەمدایە، ڕۆژنامەی (کیهان)ە کە لە شاری (تاران)، هەتا ئێستاش بەتیراژێکی فراوان چاپ و بڵاوەکرێتەوە. لەهەمانکاتدا توێژەر جینۆسایدی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە و دەنگوباسی قوربانییان و بەرکەوتە و ئاوارەکانی وەك نموونەپشکنیین (سامپڵ)ی توێژینەوەکە هەڵبژاردووە لە هەردوو ڕووی (جوگرافیایی و مەعنەویی)یەوە. مەبەست لە (جوگرافیایی) بریتییە لە خودی هەواڵ و بابەتەکانی پەیوەست بە شاری هەڵەبجە لە ساڵی (١٩٨٨ز)دا، مەبەستیش لە مەعنەویی واتە ڕووماڵی دەنگدانەوەی جینۆسایدەکە لەسەر ئاستی جیهان کە لە ڕۆژنامەکەدا تۆمارکراوە.

٢-بواری کات: لە ڕووی کاتەوە ڕۆژانی (١-٣١ فەروەردینی ١٣٦٧هـ.ش، ٢٠ی ئازار-٢٠ی نیسانی ١٩٨٨ز) (١ی ئاب تا ٣١ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠١٤) بۆ توێژینەوەکە دەستنیشانکراوە کە ماوەی گەرمی ڕووماڵی هەواڵ و بابەتی ڕۆژنامەگەریی ئێرانیی بەتایبەتی ڕۆژنامەی (کیهان)ە، سەبارەت بە جینۆسایدی هەڵەبجە و قوربانییەکانی.

٣-بواری مرۆیی:

شیکار و شرۆڤەی بابەتە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندییدار بە قوربانییان و بەرکەوتووانی جینۆسایدی هەڵەبجە کراوە، ئەویش لە ڕێگەی تاوتوێی ناوەرۆکی سەرجەم ژمارەکانی (١) یەك مانگی ڕۆژنامەی (کیهان).

حەوتەم: شێوازی وەرگرتنی نموونەپشکنیین (سامپڵ) و قەبارەکەی

لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشتبەستراوە بە میتۆدی سەرژمێریی بۆ وەرگرتنی نموونەپشکنیین (سامپڵ)، لایەنی ئەرێنیی ئەم شێوازەش لەوەدایە: گرفتی وەرگرتنی نموونەپشکنینی هەڵە ناهێڵێت، بەو هۆیەوە ئەنجامی توێژینەوەش کەمتر دووچاری گرفتی لایەندارێتیی دەبێتەوە. (دانیل رایف، ١٣٨١، ص ٩٤-٩٥).

لەم ڕوانگەیەوە توێژەر هەوڵیداوە بۆ چارەسەری هەردوو گرفتی (لایەندارێتری) و (ئەگەری وەرگرتنی نموونەپشکنینی هەڵە)، پشتبەستێ بە (ڕێبازی نموونەوەرگرتنی سەرژمێریی) بۆ نمونەکانی توێژینەوەیەکە.

شێوازی کۆکردنەوەی داتا: سەرەتا سەرجەم ژمارەکانی ڕۆژنامەی (کیهان) لە ماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکەدا، بەپێی ژمارە و کاتی دەرچوونی ڕیزبەندکراون، پاشان کۆدگوزاریی بۆ سەرجەم بابەتەکانی کراوە و، ئەو بابەتانەی پەیوەندییدارن بە جینۆسایدی هەڵەبجە دەستنیشانکران، بەپێی پرۆگرامی تایبەت بە ئامار لە زانستیی کۆمەڵایەتییدا (SPSS)٥ بەپێی ژمارە و ڕێژە، هەڵاوێرد و پۆلێنبەندییکراون.

هەروەها بۆ بەئامارکردنی داتا و ڕێژەکانیش، ڕێبازی (کای سکوێر) بۆ دەستنیشانکردن و خستنەڕووی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوەکان بەکارهێنراوە.

هەشتەم: ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە

هەر توێژینەوەیەك بەپێی سرووشت و ناوەڕۆکەکەی، کۆمەڵێك ئاستەنگی لەبەردەمدایە، ئەم توێژینەوەیەش چەند گرفتێکی هەبوو کە گرنگترینیان دەسترانەگەیشتن بوو بە ئەرشیفی ڕۆژنامەگەریی ئێرانی، بەجۆرێك کە سەرجەم ژمارەکانی ڕۆژنامەکە بەشێوەیەکی درووست لەخۆبگرێت.

نۆیەم: ڕاستیی و جێگیریی

بەئامانجی دڵنیابوون لە پابەندێتیی بە شرۆڤەی زانستیی و گونجاندنی لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکە، سەرەتا بڕگەکانی پەیوەندییدار بە ناخشیکاریی بابەتی توێژینەوەکە، بە پشتبەستن بە (ڕواڵەتڕاستیی- الصدق الظاهری) لەلایەن دوو پسپۆڕی میدیای فارسییەوە هەڵسەنگێنرا٦ و بە پێی پێویست سەرنجەکانیان بەهەندوەرگیراون. پاشان بە بەکارهێنانی هاوکێشەی هۆڵستیی، ڕێژەی ڕاستییەکە دەرهێنراوە و لە ڕووی زانستییەوە ڕێژەکەی پەسەندە.

٥- Statistical Package for Social Sciences.

٦ - ئەم دوو پسپۆڕەی ڕۆژنامەگەریی فارسیش بریتی بوون لە بەڕێزان (د.موجتەبا ئەمیری مامۆستای ڕۆژنامەگەریی لە زانکۆی تاران، د.مەهدی سدقی پسپۆڕی ڕۆژنامەگەریی لە تاران).

-جێگیریی:
بـە ئامانجـی دەستنیشـانکردنی ئاسـتی جێگیریـی (الثبـات)ی ناخشـیکارییەکە لـە ڕێگـەی کاتـەوە، بـە شـێوازی دووبارەکردنـەوە و هـەر بـە هاوکێشـەی (هۆڵسـتیی)، ڕێـژەی (٩٦٪)ی بەدەسـتهێنا، کـە ئاسـتێکی پەسـەندکراوە.
-بەکارهێنانی شیکاری ئاماریی:
توێـژەر، هاوکێشـەیەکی ژمێرەیـی گونجاویی بەکارهێنـاوە کـە بریتییـە لـە دووبارەبوونـەوە و ڕێژەی سـەدیی، بەشـێوەی خشـتەی ئامـار بـە پێـی یەکـە و دەسـتە و دووبارەبوونـەوە و ڕێـژەی سـەدیی، خراونەتـەڕوو.

بەشی کرداریی: ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ڕۆژنامەی (کیهان)ی ئێرانیی دا

## ناساندن:

ڕۆژنامـەی (کیهـان) بـە ئاراسـتەیەکی سیاسـی، ئابـوری و کۆمەڵایەتییـەوە بـە یەکێـك لـە پڕئەزموونتریـن و بەتەمەنتریـن ڕۆژنامەکانـی ئێـران دادەنرێـت، یەکەمیـن ژمـارەی لـە (٣ی خـوردادی ١٣٢١هــ.ش، ٩ی ئایـاری ١٩٤٢ز) واتـا لـە سـەردەمی حکومڕانـی پەهلەویـی دووەمـدا بەشـێوەی ڕۆژانـە دەرچـووە، خـاوەن ئیمتیازەکـەی (عەبدولڕەحـمان فەرامـەرزی) بـوو. (صـدری طباطبائـی، جلـد اول، ١٣٧٨، ص ٥٩٠).
لـە مـاوەی کارکردنیـدا، چەندینجـار بەهـۆی هەلومەرجـی سیاسـی یاخـود بڵاوبوونـەوەی هـەواڵ و وتـارەوە لـە سـەردەمی پەهلەویـی دووەمـدا، ڕووبـەڕووی داخسـتن بۆتـەوە بـە تایبەتـی لـە سـاڵانی (١٩٤٢ز، ١٩٤٣ز)دا. (ابوترابیـان، ١٣٦٦،ص ١٣٥)
ڕۆژنامـەی (کیهـان) هەتـا ئێسـتا بەردەوامـە لـە بڵاوبوونـەوە، ناوەنـدی سـەرەکیی لـە شـاری (تـاران)ە، بەقەبـارەی (١٢) لاپـەرە (٢٢٩٢٨) ژمـارەی تـا کۆتایـی سـاڵی (٢٠٢١ز) لێدەرچـووە. سـایتە فەرمییەکەشـی بریتییـە لـە (https://kayhan.ir).

## ڕۆژنامەی (کیهان) و بایەخدان بە جینۆسایدی هەڵەبجە

ڕۆژنامەگەریـی لـە هـەردوو وڵاتـی عێـراق و ئێـران دا، بـە تایبەتـی لـە مـاوەی جەنگـی هەشـت سـاڵەی نێوانیانـدا، سـەرجەمیان ڕووماڵـی بەرەکانـی جەنگیـان دەکـرد بەئامانجـی پشـتیوانییکردنی دەوڵەتەکانیـان.
ڕۆژنامـەی (کیهـان) کـە لـە دەیـەی هەشـتای سـەدەی ڕابـردوودا، بـە یەکێـك لـە ڕۆژنامـە پرتیـراژە فەرمییـەکان دادەنـرا، ڕۆژانـە دەیـان پەیامنێـری لـە ناوچـە سەرسـنوورییەکانی هـەردوو وڵاتـدا، سـەرقاڵی گواسـتنەوەی هـەواڵ و وێنـەی جەنـگ بـوون.
لـە سـەرەتای بەرنامەڕێژیـی بـۆ ئازادکردنـی شـاری هەڵەبجـە لەلایـەن هێـزە کوردییەکانـی کوردسـتانی باشـوور بـە بەشـداریی دەوڵەتـی ئێـران، چەندیـن پەیامنێریـی ڕۆژنامـەی (کیهـان) هـاوکات لەگـەڵ ئـەو نەخشـە سـەربازییەدا، ئەرکـی گواسـتنەوەی هـەواڵ و وێنەکانیـان لـە ئەسـتۆدا بـووە. هـەر بۆیـە لـە سـەرەتای ئازادکردنـی شـاری (هەڵەبجـە) دا هەتـا کیمیابارانـی شـارەکە و دەربەدەرکردنـی دانیشـتوانەکەی، یەکەمیـن ڕۆژنامەیـە کـە بـە شـێوەیەکی فـراوان ڕووماڵـی جینۆسـایدەکەی کـردووە. لـەم ڕوانگەیـەوە، پۆلێنـی بابەتەکانـی پەیوەندیـدار بـە جینۆسـایدی هەڵەبجـە، وامـان دەستنیشـانکرد کـە بەشـێوەیەکی زانسـتی، بـە پشتبەسـتن بـە میتـۆدی ناخشـیکاریی یاخـود شـیکاری نـاوەڕۆك بێـت.

خاڵێکی گرنگ کە جێگەی بایەخە، هەندێ لەو هەواڵ و بابەتانە پتر لە ژانرێکی رۆژنامەنووسییان لەخۆگرتووە، هەربۆیە پۆلێن و دەستنیشانکردنی رێژەکان بەپێی کرۆکی بابەتەکان جێبەجێکراون.

یەکەم: پۆلێنی بابەتەکانی تایبەت بە جینۆسایدی هەڵەبجە لەسەر بنەمای ژانرەکانی رۆژنامەگەریی

توێژەر دوای رووماڵی وردی سەرجەم لاپەرەکانی رۆژنامەی (کیهان)، بابەتەکانی پەیوەندییدار بە جینۆسایدی هەڵەبجە، لەسەر بنەمای جۆر و ژانرەکانی رۆژنامەگەریی پۆلێنکردووە، بە گشتیی (١٨٢) بابەتی جۆراوجۆری تێدایە.

رێژەی هەواڵی تایبەت بە جینۆسایدی هەڵەبجە لە رۆژنامەی (کیهان)دا بە بەراورد لەگەڵ ژانرەکانی تری رۆژنامەگەریی، بە پلەی یەکەم دێت و (٥٤) هەواڵی جۆراوجۆری لەخۆگرتووە کە رێژەی (٪٢٩,٦٧)کۆی بابەتەکان پێکدێنێت. ئەمەش ئاماژەیە بۆ بایەخی هەواڵ لە رۆژنامەگەریی سەردەمی جەنگدا.

هەروەها (مانشێتی لاوەکیی) یاخود (مانشێتەهەواڵ)ی پەیوەندییدار بە هەڵەبجە، کە لە لاپەرە یەك دا بڵاوکراوەتەوە، بەرێژەی (٪٢١,٤٣) لە پلەی دووەمدایە.

پاشان نامە و بەیاننامە و کۆنفراسی میدیایی کە لە رۆژنامەکەدا بڵاوکراوەتەوە، بەرێژەی (٪١٢,٠٩) و لە پلەی سێیەمدایە.

راپۆرتەهەواڵ کە بەشێوەیەکی تێروتەسەلتر زانیاریی وردی لەخۆگرتووە، بە رێژەی (٪١١,٥٤)ی کۆی بابەتەکانە و لە پلەی چوارەمدایە.

هەروەها چەندین ژانری تری وەك (مانشێتی سەرەکیی لاپەرە یەك، دیدار و چاوپێکەوتن، سەروتار و وتار، شرۆڤە، ستوون، یاداشتی رۆژانە، وێنە و نەخشە، ژانری شیعر و ئەدەب) لە پلەی پێنجەم تا دوانزدەیەمدان کە دەربارەی جینۆسایدی هەڵەبجەن. هەروەك لە خشتەی ژمارە (١)دا خراونەتەڕوو.

خشتەی ژمارە (١)

جینۆسایدی هەڵەبجە و ژانرەکانی تری رۆژنامەی کیهان

| جۆر | دووبارەبوونەوە | رێژەی سەدیی | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| هەواڵ | 54 | %29.67 | یەکەم |
| مانشێتی لاوەکیی لاپەرە یەك | 39 | %21.43 | دووەم |
| نامە و بەیاننامە و کۆنفرانسی رۆژنامەگەریی | 22 | %12.09 | سێیەم |
| راپۆرتەهەواڵ | 21 | %11.54 | چوارەم |
| دیدار و چاوپێکەوتن | 13 | %7.14 | |
| سەروتار و وتار | 3 | 1.65% | |
| شرۆڤە | 1 | 0.55% | |
| ستوون | 1 | 0.55% | |
| یادداشتی رۆژانە | 8 | %4.39 | |
| وێنە و نەخشە | 14 | 7.69% | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| مانشێتی سەرەکیی لاپەرە یەك | 3 | %1.65 | |
| ژانری شیعر و ئەدەب | 3 | 1.65% | |
| کۆی گشتیی و ڕێژە | 182 | %100 | |

دووەم: ئاستی بایەخدانی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (کیهان) بە جینۆسایدی (هەڵەبجە)

لە زانستی ڕۆژنامەگەرییدا، بەهای بابەت پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەوە هەیە و لاپەڕەی یەکەم بە گرنگترین لاپەرە دادەنرێت.

لە پۆلێنی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (کیهان)دا بەپێی بایەخدانیان بە جینۆسایدی هەڵەبجە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە سەرجەم لاپەڕەکان گرنگییان پێداوە. لاپەڕە (یەك) کە بەبایەخترین لاپەڕەی ڕۆژنامەیە، لە (١٧) ژمارەدا ،بە جۆرەها ژانری هەواڵ و مانشێت و وێنە، بایەخیداوە بە جینۆسایدی هەڵەبجە و بە ڕێژەی (١٥,٧٤٪) لە پلەی یەکەمدایە. هەروەها لە لاپەڕە (سێ)ی (١٧) ژمارەدا، وەك تەواوکەری لاپەڕە (یەك)ی ڕۆژنامەی (کیهان)، هەر لە پلەی یەکەمدایە.

هەروەها لە لاپەڕە (دوو)ی (١٦) ژمارەی ڕۆژنامەکەدا، هەواڵ و ڕاپۆرتی سەبارەت بە جینۆسایدی هەڵەبجە تێدایە، بەو هۆیەوە بە ڕێژەی (١٤,٨١٪) و بە پلەی دووەم دێت.

بەگشتیی لە کۆی ژمارەکانی ماوەی (١) یەك مانگی ڕۆژنامەی (کیهان) کە بە نموونە پشکنیینی (سامپڵ) توێژینەوەکە دەستنیشانکراوە، بابەتی جۆراوجۆر لە دووتوێی لاپەڕەکانی تریدا دەربارەی شەهیدان و بەرکەوتووانی جینۆسایدی هەڵەبجە و کاردانەوەکانی، بڵاوکراوەتەوە.

لە خشتە (٢)دا، ئاستی بایەخی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (کیهان) بە بابەتی توێژینەوەکە ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (٢)

ئاستی بایەخی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (کیهان) بە جینوسایدی هەڵەبجەوە

| ژ | لاپەڕە | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدیی |
|---|---|---|---|
| | یەك | 17 | 15.74% |
| | دوو | 16 | 14.81% |
| | سێ | 17 | 15.74% |
| | چوار | 5 | 4.63% |
| | پێنج | 1 | 0.92% |
| | شەش | 4 | 3.70% |
| | حەوت | 2 | 1.85% |
| | هەشت | 3 | 2.78% |
| | نۆ | 4 | 3.70% |
| | دە | 6 | 5.56% |
| | یانزدە | 2 | 1.85% |
| | دوانزدە | 6 | 5.56% |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | سیانزدە | 4 | 3.70% |
| | چواردە | 6 | 5.56% |
| | پانزدە | 9 | 8.34 |
| | دوالاپەڕە | 6 | 5.56% |
| | ژمارە و ڕێژەی سەدیی | 108 | 100% |

سێیەم: ڕەهەندەکانی بایەخدان بە جینۆسایدی هەڵەبجە

سەرجەم ئەو بابەتە جۆراوجۆرانەی لە ڕۆژنامەی (کیهان)دا دەربارەی جینۆسایدی هەڵەبجە و کاردانەوەکانی بڵاوکراوەتەوە، بایەخیان بە لایەنێك یاخود چەند ڕەهەندێکی جینۆسایدەکە داوە. بۆ نمونە ڕاپۆرتەهەواڵێك چەندین بابەتی فرەڕەهەندی دەربارەی لایەنەکانی جینۆسایدەکە لەخۆگرتووە.

لە پرۆسەی سەرنجدان و شرۆڤەی ناوەرۆکی بابەتەکاندا، بایەخدان بەکاریگەرییە پزیشکی و تەندروستییەکان لەسەر بەرکەوتووان لە پلەیە یەکەمدا بوو بەڕێژەی (٢٥,٨٢٪). ئاماژەدان بە چالاکییە دیبلۆماسییەکان بۆ بەجینۆسایدناساندنی دۆسییەی هەڵەبجە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، لە پلەی دووەمدا بوو بەڕێژەی (٢٢,٥٣٪). هەروەها بڵاوکردنەوەی بابەتی مرۆیی وەك ئاوارەبوون و دەربەدەری و پێشێلی بنەماکانی مافی مرۆڤ لە جینۆسایدی هەڵەبجەدا، لە پلەی سێیەم و بەریژەی (١٩,٢٣٪) بوو.

خستنەڕووی لایەنە سیاسی و سەربازی و ئابورییەکانی جینۆسایدی هەڵەبجەش لە ڕۆژنامەی (کیهان)دا، لە ریزبەندی چوارەم تا شەشەمدا بوو.

پۆڵێنی ڕەهەندەکانی بایەخدان بە کیمیابارانی هەڵەبجە لە ڕۆژنامەی (کیهان)، لە خشتەی ژمارە (٣)دا ڕوون کراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (٣)

ڕەهەندەکانی بایەخدان بە جینۆسایدی هەڵەبجە

| بابەت | ژمارە | ڕێژەی سەدیی دووبارەبوونەوە | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| مرۆیی | ٣٥ | ٪١٩,٢٣ | سێیەم |
| سیاسیی | ٣٢ | ٪١٧,٥٨ | چوارەم |
| سەربازیی | ٢٤ | ٪١٣,١٩ | پێنجەم |
| پزیشکیی | ٤٧ | ٪٢٥,٨٢ | یەکەم |
| دیبلۆماسیی | ٤١ | ٪٢٢,٥٣ | دووەم |
| ئابووریی | ٣ | ٪١,٦٥ | شەشەم |
| ژمارە و ڕێژە | ١٨٢ | ٪١٠٠ | |

چوارەم: سەرچاوەی هەواڵ و داتا میدیاییەکانی ڕۆژنامەی (کیهان)

سەرچاوەی هەواڵ و زانیاریی و وێنەکانی پەیوەندییدار بە جینۆسایدی هەڵەبجە و، ڕووماڵی کاردانەوەکانی لەسەر ئاستی جیهان، لە ڕۆژنامەی (کیهان)دا جۆراوجۆرن. بە ڕێژەی (٥٣,٥٧٪)ی هەواڵەکانی لە ئاژانسە ئێرانییەکان

وەرگرتووە و بە پلەی یەکەم دێت، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەکاتی جەنگەکەدا ئاژانسەکان وەك ئەرکێکی حوکومیی رووماڵی رووداوەکانیان بۆ سەرجەم رۆژنامە فەرمییەکان کردووە.

بەرێژەی (٣٦,٤٣٪)ی هەواڵەکانی (کیهان) کە تایبەتن بە کاردانەوەی هەڵەبجە لەسەر ئاستی جیهان، لە ئاژانسە نێودەوڵەتییەکانی وەرگرتووە و بەپلەی دووەم دێت.

هەروەها بەرێژەی (١٠٪)ی هەواڵەکانیش، لەلایەن پەیامنێرانی خودی رۆژنامەکەیە و بەپلەی سێیەم دێت. سەیری خشتەی ژمارە (٤) بکە.

خشتەی ژمارە (٤)

سەرچاوەی هەواڵ و داتاکانی رۆژنامەی (کیهان)

| سەرچاوە | ژمارە | دووبارەبوونەوە | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| ئاژانسە ئێرانییەکان | 75 | 53.57% | یەکەم |
| میدیا و ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان | 51 | 36.43% | دووەم |
| هەواڵنێری تایبەت | 14 | 10% | سێیەم |
| ژمارە و رێژە | 140 | 100% | |

پێنجەم: جۆری هاوکاریی مرۆیی بۆ قوربانیانی جینۆسایدی هەڵەبجە

کاردانەوەی جینۆسایدی هەڵەبجە لەسەر رایگیشتیی جیهان و ئێران یش، سەرباری شەپۆلێکی ناڕەزایی دژ بەو کارەساتە مرۆییە، هاوکاریی جۆراوجۆر پێشکەشکراوە بە قوربانییان و بەرکەوتووان.

بە پێی رووماڵی رۆژنامەی (کیهان)، بە رێژەی (٣٧,٥٪)ی هاوکارییەکە چارەسەری پزیشکیی بووە بە تایبەت بۆ برینداران و بەپلەی یەکەم دێت. بە رێژەی (٢٣,٨٦٪)ی کۆکردنەوەی هاوکاریی مرۆیی و پزیشکیی بووە و بە پلەی دووەم دێت.

بە رێژەی (١٣,٦٤٪) ناردنە دەرەوەی بەرکەوتووان بۆ چارەسەر بۆ وڵاتانی ئەورووپا و چەند دەوڵەتێکی تر. بە رێژەی (١٠,٢٣٪)جۆری هاوکارییەکە سەردان و پشکنینی بەرکەوتووان بووە، بە رێژەی (٧,٩٥٪) پێشکەشکردنی یارمەتیی دارایی و بە رێژەی (٦,٨٢٪)راهێنانەوەی کۆمەڵایەتیی و دەروونیی بەرکەوتووان و ئاوارەکان بووە. سەیری خشتەی (٥) بکە.

خشتەی ژمارە (٥)

هاوکاریی مرۆیی بۆ قوربانیانی جینۆسایدی هەڵەبجە

| جۆری هاوکاریی | ژمارە | دووبارەبوونەوە و رێژەی سەدیی | پلەبەندیی |
|---|---|---|---|
| چارەسەری پزیشکیی | 33 | 37.5% | یەکەم |
| کۆکردنەوەی هاوکاریی مرۆیی و پزیشکیی | 21 | 23.86% | دووەم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ناردنــەدەرەوەی بەركەوتــووان بــۆ چارەســەر | 12 | 13.64% | سێیەم |
| سەردان و پشكنینی بەركەوتووان | 9 | 10.23% | |
| هاوكاریی دارایی | 7 | 7.95% | |
| راهێنانــەوەی كۆمەڵایەتیــی و دەروونیــی | 6 | 6.82% | |
| ژمارە و رێژە | | 100% | |

شەشەم: پۆڵێنی هەڵوێست و هاوسۆزیی نێودەوڵەتیی بۆ (هەڵەبجە)

تۆماركردنــی هەڵوێســت و بریــاری دەوڵــەت و دامــەزراوە نێودەوڵەتیــی و لۆكاڵییــەكان لــە سەرتاســەری جیهانــدا ســەبارەت بــە جینۆسایدی هەڵەبجــە، ئەركێكــی گرنگــی رۆژنامەگەرییــە هەتــا ببێتــە داتــا و شــایەتحاڵێكی گرنــگ بــۆ نووســینەوەی مێــژوو.

لــەم rوانگەیــەوە رۆژنامــەی (كیهــان)، لــە رێگــەی پەیامنێــران و ئاژانســە جیهانییەكانــەوە ئامــاژەی بــە هەڵوێســتی دەوڵــەت و لایەنــە فەرمییــەكان داوە.

بــە رێــژەی (٢٢,٣٠٪)ی هەڵوێســتەكان بــۆ پرۆتســتۆی جینۆســایدی هەڵەبجــە، دەوڵەتــە فەرمییــەكان و باڵیۆزانــی وڵاتانــی جۆراوجــۆری دەرەوەی یەكێتــی ئەورووپــا بــووە و بەپلــەی یەكــەم دێــت. بــە رێــژەی (١٦,٩٠٪)ی هەڵوێســتەكان لــە لایــەن وڵاتانــی یەكێتــی ئەورووپــا بــوون. بــە رێژەی (١٤,٨٦٪) لەلایــەن تیــم و رێكخــراوە پزیشــكییەكانەوە بــووە و بــە پلــەی ســێیەم دێــت.

پۆڵێنــی هەڵوێســتەكانی تریــش، بــە پێــی rووماڵــی رۆژنامــەی (كیهــان) بــەم چەشــنە بــووە: بــە رێــژەی (١٠,١٤٪) رێكخــراوە نێودەوڵەتییــەكان، بــە رێــژەی (٨,٧٨٪) حیــزب و رێكخــراوە لۆكاڵییەكانــی وڵاتــان، بــە رێــژەی (٥,٤٠٪) نەتەوەیەكگرتــووەكان، بــە رێــژەی (٥,٤٠٪) لەلایــەن كەســایەتییە ناسراوەكانــەوە، بــە رێــژەی (٤,٧٣٪) لایەنگــران و دڵســۆزانی مافــی مــرۆڤ، بەرێــژەی (٣,٣٨٪) بەیاننامەكانــی دەوڵەتــی ئەمریــكا، بــە رێــژەی (٢,٧٠٪) پارلەمانــی وڵاتانــی دەرەوەی یەكێتــی ئەورووپــا، بــە رێــژەی (٢,٠٣٪) كۆمەڵگــەی نێودەوڵەتیــی، بــە رێــژەی (٢,٠٣٪) ناوەنــدە ئەكادیمییەكان و بەرێــژەی (١,٣٥٪) دامــەزراوە ئایینیــە مەســیحییەكان بــوون. ســەیری خشــتەی ژمــارە (٦)بكــە.

خشتەی ژمارە (٦)

لایەنی هەڵوێست بۆ جینوسایدی هەڵەبجە

| دەوڵەت و لایەنەكان | ژمارە | دووبارەبوونەوە |
|---|---|---|
| دەوڵەتــە فەرمییــەكان و نوێنەرانیــان (دەرەوەی یەكێتــی ئەورووپا و ئەمریــكا) | ٣٣ | ٪٢٢,٣٠ |
| كۆمەڵگای ئەورووپایی | ٢٥ | ٪١٦,٩٠ |
| هەڵوێســتی تیــم و رێكخــراوە پز یشــكییە كا ن | ٢٢ | ٪١٤,٨٦ |
| رێكخراوە نێودەوڵەتییەكان | ١٥ | ٪١٠,١٤ |
| حیزب و رێكخراوە لۆكاڵییەكانی وڵاتان | ١٣ | %٨,٧٨ |
| نەتەوەیەكگرتووەكان | ٨ | %5.40 |

| | | |
|---|---|---|
| کەسایەتییەکان | ٨ | %5.40 |
| لایەنگران و دڵسۆزانی مافی مرۆڤ | ٧ | ٪٤,٧٣ |
| ئەمریکا | ٥ | %٣,٣٨ |
| پارلەمانــی وڵاتــان (دەرەوەی یەکێتــی ئەورووپــا و ئەمریــکا) | ٤ | %2.70 |
| کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی | ٣ | ٪٢,٠٣ |
| ناوەندە ئەکادیمییەکان | ٣ | ٪٢,٠٣ |
| دامەزراوە ئاینییە مەسیحییەکان | ٢ | ٪١,٣٥ |
| ژمارە و ڕێژە | ١٤٨ | ٪١٠٠ |

حەوتەم: پۆلێنی هەڵوێست و هاوسۆزیی ناوخۆی ئێران بۆ (هەڵەبجە)

ڕۆژنامـەی (کیهـان) بەشـێوەیەکی فەرمیـی و ڕۆژانـە، تۆمـاری هەڵوێسـتی جۆراوجـۆری لـە ناوخـۆی ئێـران لەبەرامبـەر جینۆسـایدی هەڵەبجـەدا کـردووە.

بـە ڕێـژەی (٣٤,٣٨٪)ی هەڵوێسـتەکان لەلایـەن بەرپرسـانی حوکومیـی و دیبلۆماسـیی و نوێنەرانـی دەوڵـەت لـە دەرەوە بـووە و بـە پلـەی یەکـەم دێـت. بـە ڕێـژەی (١٢,٥٪)ی هەوڵـەکان، ناردنـی بەیاننامـە و داخوازیـی بـووە بـۆ وڵاتانـی جیهـان و بەپلـەی دووەم دێـت. بەڕێـژەی (٩,٣٧٪) کۆکردنـەوەی هاوکاریـی مرۆیـی و پزیشـکیی بـووە بـۆ قوربانییـان. بەڕێـژەی (٦,٢٥٪)ی هەڵوێسـتەکان لەلایـەن پارلەمـان و مەجلیسـی شـورای وڵاتـەوە بـووە. ڕێکخـراوە خێرخوازیـی، مرۆیـی و ژینگەپارێـزەکان و وتـار و بەیاننامـەی کەسـایەتییە ئایینیەکانیـش، هەریەکەیـان بـە هەمـان ڕێـژە بـووە. هەروەهـا هاوسـۆزیی وەك (مەراسـیم و ماتەمینـی گشـتیی، وتـاری ناوەنـدە ئاینیـی و کەمینـە ئایینیـی و نەتەوەییـەکان، بەیاننامـەی ڕێکخـراوە پیشـەییەکان) هەرکامیـان بـە ڕێـژەی (٤,٦٩٪)ی کـۆی ناڕەزایەتییـەکان پێکهێناوە.

زانکـۆ و ناوەنـدە ئەکادیمیاییەکانیـش بـە دوو چالاکـی بـە ڕێـژەی (٣,١٢٪) و سـازکردنی دوو خۆپیشـاندانی جەماوەریی بەڕێـژەی(٣,١٢٪)ی لـە کـۆی هەڵوێسـتەکان پێکدێـن. سـەیری خشـتەی (٧) بکە.

خشتەی ژمارە (٧)

هاوسۆزیی و هەڵوێست لە ناوخۆی ئیران بۆ جینوسایدی هەڵەبجە

| دەوڵەت و لایەنەکان | ژمارە | دووپیارەبوونەوە |
|---|---|---|
| هەڵوێستی بەرپرسانی حوکومیی و دیبلۆماسیی | 22 | %34.38 |
| بەیاننامە و داخوازیی بۆ وڵاتانی جیهان | 8 | %12.5 |
| کۆکردنەوەی هاوکاریی مرۆیی و پزیشکیی | 6 | %9.37 |
| پارلەمان و مەجلیسی شورا | 4 | %6.25 |
| ڕێکخراوە خێرخوازیی، مرۆیی و ژینگەپارێزەکان | 4 | %6.25 |
| وتار و بەیاننامەی کەسایەتییە ئایینیەکان | 4 | %6.25 |
| مەراسیم و ماتەمینی گشتیی | 3 | %4.69 |
| ناوەندە ئاینییەکان | 3 | %4.69 |
| کەمینە ئایینیی و نەتەوەییەکان | 3 | %4.69 |

| | | |
|---|---|---|
| بەیاننامەی ڕێکخراوە پیشەییەکان | 3 | %4.69 |
| زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمییەکان | 2 | %3.12 |
| خۆپیشاندانی جەماوەریی | 2 | %3.12 |
| ژمارە و ڕێژە | ٦٤ | %100 |

هەشتەم: خۆپیشاندان و چالاکیی ڕایگشتیی کوردانی تاراوگە بۆ جینۆسایدی هەڵەبجە:

هەڵوێستەکانی کوردانی تاراوگە بۆ هاوسۆزیی لەگەڵ جینۆسایدی هەڵەبجە و، پرۆتستۆی تاوانی دەوڵەتی عێراق، لە ڕۆژنامەی (کیهان)دا بۆ مێژوو تۆمارکراون.

بەپێی تاوتوێی هەواڵ و زانیارییەکانی ڕۆژنامەی (کیهان)، کوردانی تاراوگە لە بەریتانیا بە سازدانی (٥) چالاکی بەرفراوان بە ڕێژەی (٢٥٪)ی کۆی چالاکییەکانی دژ بە دەوڵەتی عێراقیان سازداوە و بەپلەی یەکەم دێت. کوردانی ئاوارە لە وڵاتانی (ئەمریکا، نەمسا، ئیتاڵیا) هەرکامیان بەئەنجامدانی (٣) چالاکی، بە ڕێژەی (١٥٪)ی چالاکییەکانیان بۆ پرۆتستۆی جینۆسایدی هەڵەبجە سازداوە. هەروەها کورد لە وڵاتانی (سوێد، ئەڵمانیا) بە ڕێژەی (١٠٪) و کورد لە وڵاتانی نەرویج و تورکیا بەڕێژەی (٥٪)ی کۆی چالاکییەکانیان سازداوە. سەیری خشتەی ژمارە (٨).

خشتەی ژمارە (٨)

چالاکیی کوردانی تاراوگە بۆ جینۆسایدی هەڵەبجە

| وڵات | ژمارە | دووبارەبوونەوە |
|---|---|---|
| بەریتانیا | 5 | %25 |
| ئەمریکا | 3 | %15 |
| نەمسا | 3 | %15 |
| ئیتاڵیا | 3 | %15 |
| سوێد | 2 | %10 |
| ئەڵمانیا | 2 | %10 |
| نەرویج | 1 | %5 |
| تورکیا | 1 | %5 |
| کۆی گشتیی و ڕێژە | 20 | %100 |

نۆیەم: جۆری چالاکی کوردانی تاراوگە بۆ جینۆسایدی هەڵەبجە

بڵاوبوونەوەی وێنە و ڤیدۆی قوربانیانی جینۆسایدی هەڵەبجە، بۆتەمایەی هەژاندنی کوردانی تاراوگە و چالاکی جۆراوجۆریان بۆ هاوسۆزی لەگەڵ ئەو کارەساتەدا سازداوە.

بەپێیی هەواڵ و بابەتەکانیتری ڕۆژنامەی (کیهان)، (١٣) خۆپیشاندان و ڕێپێوان لەسەر ئاستی جیهان لەلایەن کوردەوە ئەنجام دراوە و بەرێژەی (٣٠،٩٥٪) و بەپلەی یەکەمی جۆری چالاکییەکان دێت. بەرێژەی (٢٨،٥٧٪) ڕاگەیاندنی مەراسیم و ماتەمینی گشتی بووە و لە پلەی دووەمدایە، بەرێژەی (٢١،٤٣٪)ی چالاکییەکان بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و پلاکارد بووە و لەپلەی سێیەمدایە. بەرێژەی (١٤،٢٩٪) نارەزایەتی دیبلۆماسی و بەرێژەی (٤،٧٦٪)ی چالاکییەکانیش دەستبەسەرداگرتنی سەفارەتخانەی عێراق بووە. سەیری خشتەی ژمارە (٩) بکە.

خشتەی ژمارە (٩)

جۆری چالاکی کوردانی تاراوگە بۆ جینۆسایدی هەڵەبجە

| جۆری چالاکیی کوردانی تاراوگە | ژمارە | دووبارەبوونەوە |
|---|---|---|
| خۆپیشاندان و ڕێپێوان | 13 | 30.95% |
| مەراسیم و ماتەمینیی گشتیی | 12 | 28.57% |
| بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و پلاکارد | 9 | 21.43% |
| نارەزایەتی دیبلۆماسیی | 6 | 14.29% |
| دەستبەسەرداگرتنی باڵوێزخانەی عێراق | 2 | 4.76% |
| کۆی گشتی و ڕێژە | 42 | %100 |

دەیەم: جۆری قوربانی و زیانە مرۆییەکانی جینۆسایدی هەڵەبجە

ڕۆژنامەی (کیهان) لە زۆربەی بابەتە ڕۆژنامەگەرییەکانیدا، بایەخیداوە بە جۆری قوربانیی و زیانە مرۆییەکانی جینۆسایدی هەڵەبجە لەسەر دانیشتوانەکەی.

لە شرۆڤەی ناوەرۆکی بابەتەکانیدا، بە پلەی یەکەم و بە ڕێژەی (٤٢,٨٦٪) گرنگییداوە بە ڕێژەی شەهیدبوونی هاوڵاتیانی مەدەنیی بەتایبەتی ژن و مناڵ. بە ڕێژەی (٣٨,٣٩٪) باسی لە برینداربوون و ژەهراویبوونی بەرکەوتووان کردووە و بەپلەی دووەم دێت. هەروەها بەرێژەی (١٥,١٨٪) ئاماژەیداوە بە بارودۆخی سەختی ئاوارەیی و دەربەدەریی قوربانییانی کارەساتەکە، هەروەها بە ڕێژەی (٣,٥٧)یش دۆسییەی ونبوون و بێ سەرشوێنبوونی بەرکەوتووانی کیمیایی خستۆتەڕوو. سەیری خشتەی ژمارە (١٠( بکە.

خشتەی ژمارە (١٠)

جۆری قوربانیی و زیانە مرۆییەکانی جینۆسایدی هەڵەبجە

| جۆری قوربانیی و زیانی مرۆیی | ژمارە | دووبارەبوونەوە |
|---|---|---|
| شەهیدبوون | 48 | 42.86% |
| برینداریی و ژەهراویبوون | 43 | 38.39% |
| ئاوارە و دەربەدەریی | 17 | 15.18% |
| ونبوون و بێ سەرشوێنبوون | 4 | 3.57% |
| کۆی گشتی و ڕێژە | 112 | %100 |

## ئەنجامەکان

-کیمیابارانی هەڵەبجە بەپێی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکان، دەچێتە خانەی جینۆسایدەوە.

-ڕۆژنامەگەریی ئێرانی بە تایبەت ڕۆژنامەی (کیهان)، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە ڕووماڵی بەردەوامی جینۆسایدی هەڵەبجە.

-رۆژنامەی (کیهان) یەکەمین رۆژنامەی فەرمییە، کە بەشێوەیەکی مەیدانیی جینۆسایدی هەڵەبجەی رووماڵکردووە.

-رۆژنامـەی (کیهـان) لـە هەمـوو رەهەندەکانـەوە، بابـەت و هـەواڵ و وێنـەی بـۆ مـاوەی یـەك مانـگ، لەبـارەی جینۆسـایدی هەڵەبجـەوە بڵاوکردۆتـەوە.

- ژانـرە رۆژنامەگەرییـەکان (هـەواڵ، مانشـێت، راپۆرتەهـەواڵ، دیـدار و چاوپێکەوتـن، وتـار، شرۆڤـە، سـتوون، وێنـە و نەخشـە...) لـە رۆژنامـەی (کیهـان)دا بایەخیانـداوە بـە جینۆسـایدی (هەڵەبجـە)، بـەڵام هـەواڵ و مانشـێتی لاپـەرە یـەك بـە پلـەی یەکـەم دێـت.

-سـەرجەم لاپەرەکانـی رۆژنامـەی (کیهـان) بایەخیانـداوە بـە جینۆسـایدی هەڵەبجـە ، بەتایبەتـی لاپـەرەی یەکـەم کـە بـە گرنگتریـن لاپـەرە دادەنرێـت.

- رەهەندەکانـی بایەخـدان بـە جینۆسـایدی هەڵەبجـە بەپێـی پلەبەنـدی لـە رۆژنامـەی (کیهـان)دا بریتیـن لـە: مرۆیـی، سیاسـیی، سـەربازیی، پزیشـکیی، دیبلۆماسـیی، ئابووریـی.

-سـەرچاوەی هـەواڵ و داتـا میدیاییەکانـی رۆژنامـەی (کیهـان) بـە پلـەی یەکـەم ئاژانسـە ئێرانییەکانـە، پاشـان میدیـا و ئاژانسـە نێودەوڵەتییـەکان و پەیامنێـرە تایبەتییەکانـی خـۆی.

-بەپێـی پۆلێنـی رۆژنامـەی (کیهـان) بـۆ رووماڵکردنـی هاوکاریـی مرۆیـی بـۆ قوربانییانـی جینۆسـایدی هەڵەبجـە، یارمەتییـەکان بریتیبـوون لـە: چارەسـەری پزیشـکیی، کۆکردنـەوەی هاوکاریـی مرۆیـی و پزیشـکیی، ناردنـەدەرەوەی بەرکەوتـووان بـۆ چارەسـەر، سـەردان و پشـکنینی بەرکەوتـووان، هاوکاریـی دارایـی، راهێنانـەوەی کۆمەڵایەتیـی و دەروونیـی.

-رۆژنامـەی (کیهـان) توانوییەتـی ببێـت بـە دۆکیۆمێنتێکـی گرنـگ بـۆ تۆمـاری هەڵوێسـتی دەوڵـەت و لایـەن و دامـەزراوە جیهانییـەکان کـە هاوسـۆزییان بـۆ جینۆسـایدی هەڵەبجـە دەربڕیـوە.

-رۆژنامـەی (کیهـان) سـەرچاوەیەکی گرنگـە وەک تۆمارێـک بـۆ هاوکارییـە مادیـی و مەعنەوییەکانـی ناوخـۆی ئێـران بـۆ هاوسـۆزیی لەگـەڵ جینۆسـایدی هەڵەبجە.

- لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتیـی، رۆژنامـەی (کیهـان) رووماڵـی هەڵوێسـتی جیهانیـی بـۆ جینۆسـایدی هەڵەبجـە سـازکردووە.

-بایەخـدان بـە ئامـاری راسـتەقینەی قوربانیـی و زیانـە مرۆییەکانـی جینۆسـایدی هەڵەبجـە، لـە ناوەرۆکـی بابەتەکانـی رۆژنامـەی (کیهـان)دا، بـە سـەرچاوەیەکی گرنگـی زانیاریـی بـۆ قەبـارەی زیانەکانـی جینۆسـایدەکە دادەنرێـت.

*پێشنیاز و راسپاردەکان

-پێویسـتە میدیـاکان لـە رێـی درووسـتکردنی رایگشـتییەوە، رێگـە لـە جینۆسـاید بگـرن و تاوانبارانیـش بـەردەوام رووبـەڕووی دادگا بکرێنـەوە.

-میدیـاکان بـە بڵاوکردنـەوەی کلتـوری ناتوندوتیژیـی و ئاشـتییانە لەنێـوان نەتـەوە و ئاییـن و مەزهەبەکانـدا، هەرجـۆرە بەرنامـە و پیلانێـك بـۆ پەنابردنـی نەتـەوە و ئایینـەکان بـۆ جەنـگ و جینۆسـاید، لەباربـەن.

-ئاشـناکردنی جەمـاوەر بـەو جینۆسـایدانەی دژ بـە گەلـی کـورد کـراون، هەوڵدانیش بۆ تۆمـاری داتـا و بەدۆکیوێنتکردنی جینۆسایدەکان.

-میدیـای کوردیـی ئەرکـی سەرشـانییەتی دۆسـێکانی جینۆسـایدی گەلـی کـورد بـە میدیـاکاران و ڕایگشـتیی جیهانیـی

بناسێنێ.

-هاندانی میدیاکاران و توێژەران بۆ بەجێهێنانی توێژینەوە بە میتۆدەکانی تر، لەسەر دۆسێکانی جینۆسایدی گەلی کورد.

-ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر رۆژنامەکانی تری ئێران (بۆ نموونە رۆژنامەکانی: ابرار، جمهوری اسلامی، اطلاعات...) کە رووماڵی جینۆسایدی هەڵەبجەیان کردووە هەتا ئاستی بایەخدانی ئەو رۆژنامانەش بەو جینۆسایدە تاوتوێبکرێت.

-توێژینەوە دەربارەی هەڵوێستی میدیای جیهانیی بۆ جینۆسایدی هەڵەبجە و، چۆنێتی رووماڵکردنی ئەو تاوانە گەورەیە کە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤی تیادا پێشێلکرا.

-هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ئەرشیفی رادیۆ و کەناڵە تیڤییەکانی ئێران و جیهان، کە رووماڵی جینۆسایدی هەڵەبجەیان کردووە، لەپێناو شەنوکەوکردنیان بەمیتۆدی زانستیی بۆ باشتر تێگەیشتن لە شێوازی رەنگدانەوەی جینۆسایدەکە لە میدیادا.

## سەرچاوە کوردییەکان:

حەمەی حەمە سەعید: گازبارانی هەڵەبجە و راستی رووداوەکە، چاپی یەکەم، ٢٠١٤

مارف عومەر گوڵ (دکتۆر): عیراق لە پێشێلکردنی بنەما ئیمپیرەتیڤەکانی یاسای نێودەوڵەتانەوە بۆ جینۆساید، گۆڤاری ئەنفال، ژمارە (١) ساڵی (٢٠٠٠)

مایکل جەی کیلی دکتۆر: تارماییەکانی هەڵەبجە، وەرگێرانی (کارزان محەمەد)، لە بڵاوکراوەکانی چاپوپەخشی جەمال عیرفان، چاپی یەکەم ٢٠١٢

نەوشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە لەناو بازنەدا، چاپی دووەم.

سەرچاوە عەرەبییەکان:

حسن محمد طوالبة: مناقشة في النزاع العراقي الإيراني، بيروت، منشورات الوطن العربي، ١٩٨٤

الوفيق السامرائي: حطام البوابة الشرقية و حقائق عن الزمن السيئ في العراق : قراءه جديده في حربي الخليج الاولى و الثانية، كويت ١٩٩٧.

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان

-Book and articls:

Lemkin, Raphael, Axis Rule in Occupied Europe: Laws of Occupation - Analysis of Government - Proposals for Redress, Washington, D.C.: Carnegie Endowment for International Peace, ١٩٤٤.

Sarkin, Jeremy & Fowler, Carly, ٢٠٠٨, Reparations for Historical Human Rights Violations: the International and Historical Dimensions of the Alien Torts Claims Act Genocide Case of the Herero of Namibia, Human Rights Review, N ٩.

-Electronic Sources:

-CBS News, Chemical Ali: Alive and Held (August ٢٠٠٣ ,٢١), www.cbsnews.com/stories/٢٠٠٣/٠٤/٠٧/

iraq/printable ٥٤٨٠٩٩.shtml.

١٩٢٥- Geneva Protocol, Protocol for the Prohibition of the Use in War of Asphyxiating, Poisonous or Other Gases, and of Bacteriological Methods of Warfare

https://www.un.org/disarmament/ar/wmd/bio/-١٩٢٥geneva-protocol/

UN: Convention on the Prevention and Punishment of the Crime of Genocide:

https://www.un.org/en/genocideprevention/documents/atrocity-crimes/Doc.١_Convention٢٠٪on٢٠٪the٢٠٪Prevention٢٠٪and٢٠٪Punishment٢٠٪of٢٠٪the٢٠٪Crime٢٠٪of٢٠٪Genocide.pdf

- Convention:

-The Brussels Convention on the law and custmos of war ١٨٧٤.

UN:Convention on the Prevention and Punishment of Genocide, ١٩٤٨.

United Nations General Assembly Resolution, ٩٦ ,١٩٤٦, The Crime of Genocide.

## سەرچاوە فارسییەکان:

*کتاب:

ابوترابیان، حسین: مطبوعات ایران از شهریور ١٣٢٠ تا ١٣٢٦. چاپ ١٣٦٦، مؤسسه اطلاعات.

رایف، دانیل و دیگران: تحلیل پیامهای رسانه ای، کاربرد تحلیل محتوای کمی در تحقیق، ترجمته مهدخت بروجردی علوی، تهران: سروش.

صدری‌طباطبائی‌نائینی، سیدمحمد: راهنمای مطبوعات ایران (١٣٠٤ تا ١٣٥٧). جلد اول، چاپ ١٣٧٨، مرکز مطالعات و تحقیقات رسانه‌ها.

علی اکبر ویلایتی: تاریخ سیاسی جنگ تحمیلی عراق علیه جمهوری اسلامی ایران، دفتر نشر فرهنگ اسلامی، چاپ اول ١٣٧٦.

محمد درودیان: شلمچه تا حلبجه، چاپ اول ١٣٧٦، مرکز مطالعات و تحقیقات جنگ.

محمد درودیان: أغاز تا پایان (سیری در جنگ ایران و عراق): مرکز مطالعات و تحقیقات جنگ، چاپ سوم ١٣٧٩.

*مجله:

اسعد اردلان، محمد رامبد فرهودی مقدم: ارزیابی حقوقی فاجعه حلبچه و انفال و تاثیرات ان در تحول حقوق بین الملل، مجله دانشنامه حقوق و سیاست، شماره ٢٥، پاییز ١٣٩٤.

سید جعفر حسینی و دیگران: بررسی جنایت نسلکشی «با مطالعه موردی جنایات انجام گرفته در سردشت و حلبچه، فصلنامه جامع دفاع مقدس، سال چهارم، شماره ٤، تابستان ١٣٩٨.

# پاشکۆ:

چەند لاپەرەیەکی ژمارە جۆراوجۆرەکانی رۆژنامەی (کیهان) کە دەربارەی جینۆسایدی هەڵەبجەن.


کیهان

پیشرویهای وسیع سپاه اسلام در استان سلیمانیه عراق

فعالیتهای انتخاباتی با ارائه لیستهای گروهها وجمعیتها وارد مرحله تازه‌ای شد

مجامع بین المللی عراق را بخاطر استفاده از سلاح شیمیایی محکوم کردند


کیهان

گزارش کامل پیروزیهای بزرگ ایران در عملیات والفجر-۱۰

اسامی کاندیداهای انتخابات مجلس سوم در کیهان امروز


رئیس مجلس: صدام در جبهه های نبرد وصحنه های سیاسی بین المللی در حال سقوط است


کیهان

حمله سپاه اسلام در منطقه عمومی «دربندیخان» عراق آغاز شد

گزارش‌های کیهان از آخرین رویدادهای انتخابات مجلس سوم

درخواست از نمایندگان مجالس جهان برای داوری درباره فاجعه حلبچه


دعوت ایران از مجامع بین المللی برای معالجه مجروحین شیمیایی حلبچه

دولت ترور وزیر عراق را بخاطر استفاده از سلاح های شیمیایی محکوم کرد

اظهارات فرمانده سپاه پیکم ثارالله پیرامون مقابله با دشمن، اعزام نیرو، اسکان مردم در پناهگاهها و حفاظت از حوزه های انتخاباتی

۲۹ مجروح شیمیائی فاجعه شهر حلبچه به کشورهای اروپائی و امریکا اعزام شدند




دیداری با مجروحان شیمیایی حلبچه شاهدان عینی جنایات اخیر رژیم عراق


کیهان

اعتراض جهانی علیه قتل عام حلبچه بالا گرفت

تدارک وسیع کاندیداها و گروهها برای کسب آرای مجلس سوم

جنگنده های ایران ۱۱ بار مواضع دشمن را در جبهه شمال و جنوب درهم کوبیدند

اعزام سپاهیان حضرت سیدالشهداء (ع)

تاریخ اعزام سه شنبه ۲۳ فروردین ۶۷

روابط عمومی سپاه یکم ثارالله


## Abstract:

This research, the reflection of chemical bombardment genocide of Halabja in Iranian journalism- Kayhan newspaper as a sample, investigates the level of significance and the ways of covering the chemical bombardment of Halabja in one of the most popular and daily Persian newspapers. The goal of the research is to study all the genres and articles of Kayhan newspaper regarding the victims and the injured people of the attack. Content analysis method is used to analyze the subject matter. This research comprises of three parts: the methodology and two major parts. In the methodology the content, the method, the questions, the significance and the delimitations of the research are presented. In the first part, the concepts, principles of genocide and Halabja case is discussed in the light of the international treaties. The second part involves a short introduction of the Kayhan newspaper which is the sample of the research along with the analysis of all the issues of one month of the newspaper between( 20th of March to 20th of April 1988)which contains various aspects of the genocide of

Halabja during the Iraq-Iran war. At the end of the research, a number of results and recommendations are presented for further research.

Keywords: Kayhan newspaper, genocide of Halabja, Kurdistan Region

## ملخص البحث:

(عمليات الإبادة الجماعية بالقصف الكيميائي لحلبجة وانعكاساتها في الصحافة الأيرانية -صحيفة كيهان نموذجا).
البحث محاولة لمعرفة مدى اهتمام صحيفة يومية إيرانية واسعة الإنتشار، بجريمة قصف بلدة حلبجة الكوردية، بالسلاح الكيميائي و التعرف على نوعية و اساليب تغطيتها إعلاميا، وذلك من خلال عرض ومناقشة كافة الأنواع الصحفية التي عالجت موضوع الجريمة وضحاياها في حينها. يتكون البحث من مبحث خاص بالمنهجية واسئلة البحث واهميته ومعوقاته، علما بأن الباحث قد اعتمد في دراسته منهج تحليل المضمون والمحتوى. ومبحث أخر خاص بعرض أسس و مفاهيم الإبادة الجماعية وملف قصف حلبجة بالسلاح الكيميائي و مناقشتها من منظور الإتفاقات الدولية. وفي مبحث آخر تم عرض ماهية صحيفة كيهان الفارسية وموجز عن تأريخها. وتم اختيار اعداد شهر كامل من تلك الصحيفة كعينة عمدية تبدأ بتأريخ ٢٠ آذار وتنتهي بتأريخ ٢٠ نيسان من عام ١٩٨٨ وهي الفترة الزمنية التي سلطت فيها الصحيفة الضوء على جريمة القصف الكيمياوي خلال الحرب العراقية ــ الإيرانية. وفي الختام توصل البحث الى عدد من النتائج والإستنتاجات والتوصيات.